دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦٤٢، شەممە، ١٥ی سەرماوەزی ١٣٩٣، ٦ی دێسامبری ٢٠١٤، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

پەیامی بەڕێز مستەفا هیجری بۆ محەممەد حاجی مەحموود
بە بۆنەی شەهید بوونی کوڕەکەیەوە

بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکرات لە کۆڕی پرسەی شەهید عەتا محەممەد حاجی مەحموود

بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆڕی پرسەی د.کەماڵ فواد » ٢

ئەرکی شۆڕشگێر لە قۆناخە دژوارەکانی خەباتدا



٤

کێبڕکێی خوێناوی بۆ گەیشتن بە نەزمێکی نوێ



٦

ئامانج لە نەهێشتنی نیهادە مەدەنییەکان لە ئێراندا چیە؟



٧

توندوتیژی دژی ژنان



١٠

## پەیڤ

**ناهید حسێنی**

وڵاتی ئێران لە بواری هەبوونی کەمینە ئیتنیکی و ئاینییەکانەوە وڵاتێکی پلۆراڵە، و فرەنەتەوەیی و فرە ئاینی لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ئەو وڵاتەیە. ئەو فرە ڕەنگیە کە دەیتوانی ببێ بە کانگای دەوڵەمەندیی سیاسی، کولتووری و نەتەوەیی وڵات، لە سایەی بیرتەسکیی دەسەڵاتدارانی ئێراندا بووە بە سەرچاوەی گرفت و ئازاری نەخوازراوی ئەو نەتەوە و ئایینانە. چونکە لە لایەن نەتەوە و ئایینی باڵادەستەوە نکۆڵییان لێ دەکرێ، مافەکانیان پێشێل دەکرێ و بە گشتی لەگەڵ هەڵاواردنێکی نامرۆڤانە لە بواری مافە مەدەنی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە ڕووبەڕوو بوونەتەوە.

زۆرجار کەمینە ئیتنیکیەکان بە هۆی بێبەشبوونیان لە دەسەڵاتی سیاسی لە بواری ئایینیشەوە دەکەونە بەر شاڵاوی چەوساندنەوەی دووقاتەوە. کوردەکان، بەلووچەکان و تورکەمەنە سوننە مەزهەبەکان بە هۆی ئەوەوە کە لە بواری ئاینییەوە سەر بە ئایینی فەرمی ئێران واتە شیعەی ئەسناعەشەری نین، تەنانەت بە پێی یاسای بنەڕەتییش لە زۆرێك لە مافەکانی خۆیان بێبەش دەکرێن. بە پێی یاسای بنەڕەتیی ئێران، بەرابەری، دادپەروەری، ئازادییە ئایینیەکان و نەهێشتنی هەڵاواردن بۆ هەموو تاکەکانی ئەو وڵاتە بەستراونەتەوە بە ڕەچاوکردنی ئاینی فەرمیی وڵات واتە شیعەی ١٢ ئیمامی و ئیدئۆلۆژی فەرمیی دەسەڵاتەوە.

پێویستیی گونجانی هەموو هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتی و یاساکان لەگەڵ یاسا و ڕێسا ئیسلامییەکان، ملنان بۆ ویلایەتی فەقیە و ڕێبەرەکەی، کۆمەڵگای پلۆرالی ئێرانی تووشی هەڵاواردن و نابەرابەری ئایینی و ئیتنیکی کردووە. لێرەدا و بەپێی هەمان یاسا، هەندێ لە مەسیحییەکان، جوولەکەکان و موسوڵمانانی غەیری شیعە تەنیا لە ئاستی بەڕێوەبردنی یاسا و ڕێسا ئایینیەکانیانەوە بە شێوەی تاکەکەسی و زۆر سنووردار ئازادییان هەیە، بەڵام مەزهەب و ئایینەکانی دیکە تەنانەت لەو کەمە مافەش بێبەرین، ئەوان تەنانەت بە هۆی بیر و باوەڕیانەوە ئازار دەدرێن، تووشی سووکایەتی و گرتن و کوشتنیش دەبنەوە. لەو ئایینانەش کە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی شیعەی ١٢ ئیمامیدا بەرەوڕووی زیاترین ڕادەی گرتن، ڕاوەدوونان و ئینکار دەبنەوە، ئایینی بەهاییە. وەدواکەوتوانی ئەو ئایینە لە ماوەی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا لە هەموو مافە ئایینیەکانیان بێبەش کراون و زۆربەی هەرەزۆری ڕێبەران و چالاکانیان لە زیندانەکان پەستێندراون و تووشی ئازار و ئەشکەنجە کراون. جگە لەو نابەرابەرییە کۆمەڵایەتییە، هەرچەشنە چالاکیی دەروێشەکانی گۆناباد، یارسانەکان و تەنانەت سونییەکان و ئەوانەی بیر و باوەڕی ئایینی خۆیان گۆڕیوە ڕێگە پێنەدراوە، بە تاوان دەژمێردرێ و زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی لەم چالاکانە ئاخێندراوە. لە تازەترین حاڵەتیشدا، ئیمام جومعەی شاری ڕەفسەنجان بەهاییەکانی بە «گلاو» ناوزەد کردووە، تەنانەت داوای شاربەدەر کردنیانی کردووە و فەتوای داوە کە تەنانەت سات و سەودای بازرگانیشیان لەگەڵدا حەرامە. ئەوەش زەنگێکی مەترسیداری دیکەیە بۆ بەهاییەکانی وڵاتی ئێران و دیکەی ئەو مەزهەب و ئایینانەی کە لە بواری یاساییەوە ڕێگەپێنەدراون.




# خەلافەتی داعش بچووک دەبێتەوە

هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی دژی میلیشیا بناژۆخوازەکانی «دەوڵەتی ئیسلامی» نە تەنیا توانیویانە پێش لە بەرەو پێشچوونی تیرۆریستەکان بگرن، بەڵکوو لە زۆربەی بەرەکاندا هێزەکانی ئەم گرووپە تیرۆریستیەیان خستووەتە حاڵەتێکی دیفاعییەوە.

ماڵپەڕی ئاڵمانی « شپیگڵ ئانلاین» بە ئاوڕدانەوەیەك لە ڕەوتی خەبات دژی ئەم گرووپە لە مانگەکانی ڕابردوودا، نووسیویەتی، دابەشکارییەکی نێودەوڵەتی لەم پێوەندیەدا هاتووەتە گۆڕێ و بۆ خۆتان دەبینین کە بە باشی کار دەکا.

«شپیگڵ ئانلاین» لە لێکدانەوەیەکدا لەمبارەوە نووسیوویەتی، لە زۆربەی بەرەکاندا پێشڕەویی هێزە تیرۆریستییەکان ڕاوەستاوە، « دەوڵەتی ئیسلامی» لە حاڵەتی دیفاعیدایە و هەر ڕۆژەو ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە دەچنە هاوپەیمانی دژی تیرۆر، زیاتر دەبێ. ئەوەی کە شاری چووکەی کوردنشینی کۆبانێ لە سووریە بتوانێ بەو تواناوە لە دژی «دەوڵەتی ئیسلامی» بەربەرەکانێ بکا، زۆرتر لە موعجیزە دەچێ. خۆڕاگریی خەباتگێڕانی کورد لە کۆبانێ بۆ ئەم گرووپە بناژۆخوازە نە تەنیا لە ڕووی سیمبۆلیکەوە بەڵکوو لە ڕووی سەربازیشەوە کارەسات بە ئەژمار دێ. جان ئالێن، ژێنراڵی پێشووی ئامریکا و هاوئاهەنگکەری هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش لە مانگی نوامبردا وتی: « ئێمە لەو بڕوایەداین کە هێرشە ئاسمانییەکان زیاتر لە ٦٠٠هێزی چەکداری دەوڵەتی ئیسلامی کوشتووە».

بناژۆخوازەکانی «دەوڵەتی ئیسلامی» لە پارێزگاکانی دیالە و سەلاحەدین و باکووری بەغدا کشاونەتەوە. کشانەوە لەو ناوچانەی کە لەم دواییانەدا لە لایەن داعشەوە داگیر کرابوون، زەبرێکی قورس بۆ ئەم گرووپە بەئەژمار دێ. لەبەر ئەوەی ئەبوبەکر بەغدادی، ڕێبەری «دەوڵەتی ئیسلامی» ڕایگەیاندبوو کە بە شانازیەوە پەرە بە « وڵاتی خودا» دەدا، بەڵام نەك وای لێ نەهات بەڵکوو جوگرافیای دەسەڵاتەکەی خەریکە بچووکیش دەبێتەوە.

ئیسلامگەرایانی «دەوڵەتی ئیسلامی» ئامانجیان ئەوە بوو کە بەهێزتر بن لە گرووپێکی ملیشیایی. بەڵام تائێستا وێناچێ کە توانیبێتیان لەو ناوچانەی کە داگیریان کردووە، دەوڵەتێکی ڕاستەقینە و کارامە دابمەزرێنن. لە زۆربەی ئەو ناوچانەی کە لە ژێر کونترۆڵی ئەم هێزانەدایە، خەڵك لە ترسی تیرۆر هەڵدێن. بوردمانەکانیش خێرایی بەخشیووە بە شەپۆلی ڕاکردنەکان. بوردمانە ئامانجدارەکان توانیویانە، داهاتی «دەوڵەتی ئیسلامی» لە فرۆشی نەوت کەم بکەنەوە و نرخی وزە و شمەك لە ناوچە داگیرکراوەکانیاندا بەرز ببێتەوە.

## ڕێککەوتن لەگەڵ ئێراندا دەبێ مۆرکی کۆنگرە بخوات

سەناتۆر جان مەك کین خوازیاری ئەوەیە هەر جۆرە ڕێککەوتنێك لەگەڵ ڕێژیمی ئێراندا لە کونگرەی ئامریکا پەسەند بکرێت.

سەناتۆر جان مەك کین، کە شیمانەی ئەوە دەکرێ مانگی داهاتوو بەرپرسایەتی کومیتەی هێزە چەکدارییەکانی سەنا لە ئەستۆ بگرێ لە وتووێژێکدا لەگەڵ دەنگی ئامریکا باسی لەو گەلالانە کرد کە لەبەر دەستی سەنادایە و وتی: گەلالەگەلێك لە بەر دەستدایە، بەتایبەت لە کومیتەی پێوەندییەکانی دەرەوە، کە هەر ڕێککەوتنێکی ناوکی لەگەڵ ڕێژیمی ئێراندا دەبێ لە لایەن کونگرەوە پەسەند بکرێ.

لەم نێوەدا، کۆشکی سپی لە دوای درێژبوونەوەی دانوستانەکانی ئێران و گرووپی ٥+١ بۆ حەوت مانگی دیکە، لە هەوڵی بێوچاندایە تا ڕێگە لە کونگرە بگرن و ڕازییان بکەن کە گەمارۆی زیاتر دژی ئێران پەسەند نەکەن و بڕیارێك دەرنەکەن کە دەسەڵاتی ئۆباما بۆ هەڵپەساردن، هێورکردنەوە یان سەپاندنی گەمارۆکان بەرتەسك ببێتەوە.

وێندی شێرمەن، کەسی ژمارە دووی وەزارتی دەرەوە و دانوستانکاری باڵای ئامریکا و دەیڤید کۆهێن جێگری وەزارەتی خەزێنەداریی ڕۆژی پێنجشەممە لە کۆبوونەوەیەکی داخراودا لەگەڵ ڕێبەرانی هەر دوو حیزبی دێموکرات و کۆماریخواز لە سەنا و مەجلیسی نوێنەران، هەوڵیان دا ڕازیان بکەن، کە دەست ڕاگرن لە هەوڵ دان بۆ پەسەند کردنی گەمارۆی زیاتر.

سەرکۆماری ئامریکا هەڕەشەی ئەوەی کردووە کە ئەگەر لە ماوەی دانووستانەکاندا گەمارۆی نوێ دژی ئێران پەسەند بکرێت، ڤێتۆی دەکات. لایەنگرانی پەسەند کردنی گەمارۆی نوێ لە سەنا بۆ پووچەڵ کردنەوەی ڤێتۆی باراك ئۆباما پێویستیان بە ٦٧ دەنگ هەیە.

## دان پێدانانی ڕێژیم بە تیری غەیبی تیرۆریزمی دەوڵەتی

مەحموود عەلەوی، وەزیری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی، سیاسەتی تیرۆری نێودەوڵەتیی ئەم وڵاتەی لە دەرەوەی سنوورەکانی کۆماری ئیسلامی پشتڕاست کردەوە. بە وتەی ناوبراو لە یەك ساڵی ڕابردوودا، ٥ کەس لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران تیرۆر کراون.

بە وتەی هەواڵنێریی ئاریا، وەزیری ئیتلاعاتی ڕێژیم ڕۆژی هەینی ١٤ سەرماوەز بە هێما بۆ کردەوە تیرۆریستییەکانی ئەم وزارەتخانەیە لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، باسی لە تیرۆر کردنی کەسانێك لە ئەندامانی گرووپی جەیشولعەدل و گرتنی ژمارەیەك لە ئەندامانیان کرد.

وەزیری ئیتلاعات وتی: «چەند مانگ پێش عەبدولڕئووف ڕیگی، لە ئەندامە سەربازییەکانی جەیشولعەدل و برازاکەی لە پاکستان کرانە ئامانجی «تیری غەیب» و کەسێك بە ناوی شێخ نەدیم لەگەڵ براکەی بە تیری غەیب کوژرا».

وەزیری ئیتلاعات وتی: «کەسێکیش کە بیست ساڵ پێش بەرپرسی ئیتلاعاتی سیرجانی بۆ نیشاندانی شوێنی قاچاخچییەکان بردبوو بۆ کێو و ناوبراوی لە بەرزاییەکانەوە فڕێ دابووە خوارێ و کوشتبووی و بۆ کەراچی ڕایکردبوو، ناسرایەوە و تۆڵەی لێ کراوە».

بە وتەی وەزیری ئیتلاعاتی ڕێژیم، کەسێك بە ناوی موحەممەد بۆزورگزادەیش کە لە تانزانیا یارمەتی دارایی گرووپی جەیشولعەدلی دەدا، «تیری غەیب» پێکای.

کەڵکوەرگرتن لە دەستەواژەگەلێك وەکوو «تیری غەیب» «سەربازانی بێ ناونیشان» و ... یەکێك لە فێلە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمە بۆ ڕەوا نیشاندانی کردەوە تیرۆریستییەکانی خۆیان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات.

## پەیامی بەڕێز مستەفا هیجری بۆ محەممەد حاجی مەحموود بە بۆنەی شەهید بوونی کوڕەکەیەوە

برای بەڕێز کاك محەممەد حاجی مەحموود!
وێڕای سڵاوێکی گەرم!
خەبەری شەهیدبوونی کاك عەتا کوڕی بەڕێزتان و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی حیزبی سوسیالیست دێموکراتی کوردستان لە بەرەکانی شەڕ دژی تیرۆریستان و دوژمنانی نەتەوەکەمان جێگای پەژارەی هەموو لایەکمانە. بەم بۆنەوە سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و سەرکردایەتیی حیزبی سوسیالیست و هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەتان دەکەین و خۆمان لە خەم و پەژارەتاندا بە بەشدار دەزانین . لەم ڕووداوە ماتەمینەدا ئاواتمان بوونی سەبر و تەحەمولی زیاتر بۆ بەڕێزتان و بنەماڵەکەتانە.
ڕۆحی شەهید عەتا و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان شاد بێ

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتیی
مستەفا هیجری
٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی
٢٧ی نۆڤامبری ساڵی ٢٠١٤ی زایینی

## لە سویس، نوێنەری حیزبی دێموکرات لە هەژدەهەمین کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی UNPO بەشداریی کرد

ڕێکەوتی ٧ و ٨ی سەماوەزی ١٣٩٣ی هەتاوی، بابان ئەلیاسی بە نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشداری لە هەژدەهەمین کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی UNPO لە شاری ژنێڤ لە وڵاتی سویس کرد. ڕۆژی یەکەمی کۆبوونەوەکە، بە ڕاپۆرتی سەرۆکی UNPO لە لایەن «نگاوان چۆپێل» و ڕاپۆرتی سکرتێری گشتیی UNPO «مارینیو بوساچین» دەستی پێکرد. پاشان چالاکییەکانی ساڵی ڕابردووی ڕێکخراوەکە، پرۆژەی کاری ڕێکخراوەکە بۆ ساڵی داهاتووی زایینی و هەروەها ڕاپۆرتی ماڵی و مافی ئەندامەتی ئەندامانی UNPO پێشکەش کرا. ڕۆژی دووهەمی کۆبوونەوەکە تەرخان کرابو بۆ تاوتوێکردنی بەرنامەی چەند ڕێکخراوی ئەندامی UNPO و داوای بەئەندام بوونی چەند ڕێکخراوی دیکە. لەبەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا، لە سەر بارودۆخی چەند نەتەوەی ئەندامی UNPO کە بەردەوام بەرەورووی سەرکوت و توندوتیژی دەبنەوە باس کرا. نوێنەری حیزبی دێموکرات لەم کۆبوونەوەیەدا سەبارەت بە بارودۆخی کوردستانی ئێران باسێکی پێشکەش کرد.

## نوێنەری حیزبی دێموکرات لە کۆبوونەوەی سەوزەکانی هەرێمی فلاندرێن بەشداریی کرد

ڕێکەوتی ١١ی سەرماوەزی ١٣٩٣ی هەتاوی، جەمیل فەتحی نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی بلژیك، هاوڕێ لە گەڵ خاتوو «مۆنیك سمیتس» هاوکاری بەشی پەیوەندییەکان، لە سەر بانگهێشتی فەرمیی «بارت ستاس» ئەندام پارلمانی ئورووپا و سەر بە سەوزەکانی ئەو وڵاتە بەشدارییان لە کۆبوونەوەی سەوزەکانی هەرێمی فلاندرێن کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا جەمیل فەتحی لە گەڵ «بارت ستاس» ئەندام پارلمانی ئورووپا چاوپێکەوتنی ئەنجامدا و لە سەر بارودۆخی زیندانیانی سیاسیی کورد کە مانیان لە خواردن گرتووە ڕاپۆرتێکی پێشکەش کرد. بارت ستاس داوای لە نوێنەری حیزب کرد، کە پێش ئەوەیکە لە کۆبوونەوەکانی پارلمانی ئورووپا لە سەر بابەتی مافی مرۆڤ لە «ستراسبوورگ» بەشداری بکات، لە سەر دوایین بارۆدۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستان و بارودۆخی زیندانیانی سیاسیی مانگرتوو لە کوردستان زانیاریی زیاتری پێ بدات.

## لە ئامریکا نوێنەری حیزبی دێموکرات سەردانی دەفتەری میشل گریشامی کرد

ئارەش ساڵح، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئامریکا، سەردانی دەفتەری ئەندام کۆنگرە «میشل گریشام» کرد و لە کۆبوونەوەیەکدا نوێنەری حیزب باسی لە دواخستنی دووبارەی وتووێژە ناوەکییەکانی ئێران و گرووپی ٥+١ کرد. هەروەها لەو چاوپێکەوتنە دا نوێنەری حیزب باسی لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران کرد کە هەڵگری بەهای هاوبەشە لەگەڵ دونیای دێموکرات. بۆیە بەشێکی هەرە زۆری دوژمنایەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەگەڵ کورد بە گشتیی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی لە بەر ئەو بەها بنەمایییە کە هەڵمان گرتووە و ئەو بەرنامە سیاسییە کە بۆ چەسپاندنی ئەو بەهایانە لە نێو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیڕەوی دەکەین. نوێنەری حیزب لە کۆتاییدا سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی ڕێژیم سەبارەت بە مافی مرۆڤ باسێکی پێشکەش کرد و داوای کرد کە پێویستە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی جیدیتر لە سەر ئەم پرسە زەخت بخاتە سەر ڕێژیمی ئێران. لە کۆتاییدا «جان ریچێر» وێڕای سپاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ئەو چاوپێکەوتنە وتی: ئێمە گرینگی ئەم کێشانەمان لە بەر چاوە و بە دڵنیایەوە پێمان خۆشە بە یارمەتی ئێوە لە سەر ئەو بابەتانە کار بکەین، بۆیە داوای کرد کە ئەم پەیوەندییە بەردوام بێت و حیزبی دێموکرات بتوانێت ئەوان بەردەوام لە شێوە ڕوانینی خۆی ئاگادار بکاتەوە.

## بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکرات لە کۆڕی پرسەی شەهید عەتا محەممەد حاجی مەحموود

ڕێکەوتی ٦ی خەزەڵوەری ١٣٩٣ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی بەڕێز محەممەد نەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، بەشداری لە کۆڕی پرسەی شەهید «عەتا محەممەد حاجی مەحموود» ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی «حیزبی سوسیالیست دێموکراتی کوردستان»



لە شاری سلێمانی کرد. هەر لەو پێوەندییەدا، نامەی پرسە و سەرەخۆشی بەڕێز «مستەفا هیجری» سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە باوکی شەهید عەتا محەممەد حاجی مەحموود سکرتێری حیزبی سوسیالیست دێموکراتی کوردستان پێشکەش کرا.

## بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکرات لە سێهەمین کۆبوونەوەی ژنێڤاکاڵ

ڕێکەوتی ٢٦ هەتا ٢٩ی مانگی خەزەڵوەری ١٣٩٣ی هەتاوی سێهەمین کۆبوونەوەی «ژنێڤاکاڵ» لە شاری «ژنێڤ» لە وڵاتی سویس، پێك هات. شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی «د.میرۆ عەلیار» ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، لەو کۆبوونەوەدا بەشداریی کرد. کۆبوونەوەکە لە لایەن نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی سویس و بەرپەرستیی گشتیی ژنێڤاکاڵ کرایەوە. هەروەها باسێك سەبارەت بە گرینگی پابەندبوون بە ڕێکەوتنامەکانی ژنێڤاکاڵ و ڕۆڵی ژنێڤاکاڵ لە پاراستنی مافی خەڵکی مەدەنی لەو ناوچانەی جیهان کە شەڕیان تێدا لە ئارادایە، پێشکەش کرا. لە ماوەی ٤ ڕۆژ کاری کۆبوونەوەکاندا لە چەند پانێلدا ئەو بابەتانە پێشکەش کران: «بەرەو پاراستنی باشتری خەڵکی مەدەنی و جێبەجێ‌کردنی نۆرمە نێودەوڵەتییە مرۆڤدۆستانەکان» لە پانێلی یەکەمدا د.میرۆ عەلیار ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات یەکێك لەو کەسانە بوو کە لەو کۆبوونەوەیەدا وتارێکی پێشکەش کرد. «جێبەجێ‌کردنی ڕێکەوتننامەی قەدەغەکردنی مینی دژەنەفەر»، «جێبەجێ‌کردنی بەڵێننامەی پاراستنی منداڵان لە کاتی شەڕدا» لە پانێلی بەشی منداڵاندا «لوقمان ئەحمەدی» ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، وتارێکی لەسەر هەنگاوەکانی حیزبی دێموکرات بۆ پاراستنی مافی منداڵان پێشکەش کرد. ڕۆژی چوارەم تەرخان کرابوو بۆ باس لە سەر گەڵاڵەی بڕیارنامەی کۆتایی کۆبوونەوەکە و هەر لەوێشدا بڕیارنامەیەك پەسند کرا کە بە زووترین کات بڵاو دەبێتەوە

## بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆڕی پرسەی د.کەماڵ فواد

ڕێکەوتی ١ی سەرماوەزی ١٣٩٣ی هەتاوی، بە بۆنەی کۆچی دوایی دوکتور کەماڵ فواد ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی بەڕێز محەممەد نەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، سەردانی مەکتەبی سیاسیی



یەکیەتیی نیشتمانی کوردستانیان لە شاری سلێمانی کرد.شاندی حیزبی دیموکرات لەو کۆڕەدا، پرسە و سەرەخۆشیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بە کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی جێگری سکرتێری گشتیی یەکیەتی و ئەندامانی سەرکردایەتیی یەکیەتی و جەماڵ فواد برای کۆچکردوو، ڕاگەیاند .

## سمیناری حەمە ڕەشیدخانی بانە لە سلێمانی بەڕێوە چوو

لە لایەن «بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی وێژەیی سلێمانی»یەوە بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی بەرفراوان لە ڕووناکبیر و نوێنەرانی پارت و حیزبە سیاسییەکان و بەتایبەت سەرۆك هۆز و شێخ و پیاوە ئایینییەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە هۆڵی سادات لە سلێمانی سمیناری حەمە ڕەشیدخانی بانە بەڕێوە چوو. ئەم سمینارە کە بە مەبەستی ٤٠مین ساڵی کۆچی دوایی حەمە ڕەشیدخانی بانە سەرکردەی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێك خرابوو، لە لایەن «وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی وێژەیی سلێمانی» و بە هاوکاریی دەزگای ڕۆشنبیریی «جەماڵ عیرفان» بەڕێوە چوو. لە سەرەتای کۆڕەکەدا، کتێبی «حەمە ڕەشیدخانی بانە» لە نووسینی دکتور «کەیوان ئازاد ئەنوەر» لەناو بەشداربواندا بڵاو کرایەوە، کە لێکۆڵینەوەیەکی ئاکادیمی، مێژوویی و سیاسیی سەرجەم ژیان و کەسایەتی و ڕۆڵی ئەو سەرکردەیە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا بوو. پاشان لە بڕگەیەکی دیکەدا «ئەیووب ڕۆستەم»، بەڕێوەبەری چالاکیی وێژەیی سلێمانی چەند وتەیەکی پێشکەش کرد. پاشان سێ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ژیان و کەسایەتی و ڕۆڵی حەمە ڕەشیدخانی بانە، لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانیدا لە لایەن بەڕێزان:»سەلاحەدین موهتەدی» ،» فەرید ئەسەسەرد» و»کەیوان ئازاد ئەنوەر» ەوە پێشکەش کران. لە کۆتایی ئەو سمینارەدا، سەرنج و پرسیار و تێبینی ڕووبەڕووی لێکۆڵەرەکان کرایەوە.

## لقی ئامریکای کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ لە واشینگتۆن دامەزرا

ڕێکەوتی ٢ی سەرماوەزی ١٣٩٣ی هەتاوی، لە سەر داواکاری کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران – ئامریکا، حیزبە سیاسییەکانی ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ لە واشینگتۆن کۆبوونەوەیان پێکهێنا.
ئەم دانیشتیە بە خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری دەستی پێکرد.دواتر بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە ئامریکا، چەند وتەیەکی سەبارەت بە پێویستیی دامەزراندنی لقی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ لە ویلایەتە یەکگرتووەکان پێشکەش کرد.لە درێژەی ئەم دانیشتنەدا، نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی بەشدار، تێڕوانینی خۆیان لە سەر دامەزراندنی لقی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ لە وڵاتی ئامریکا پێشکەشکرد. لە ئەم دانیشتنە، پرۆژەی دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ – لقی ئامریکا پەسەند کرا. هەروەها لەو دانیشتنەدا، پرۆژە و ڕێوشوێنی گونجاو بۆ هەڵسووڕان لە داهاتوودا گەڵاڵە کرا. کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە ئەمریکا لەم کۆبوونەوەیەدا، وێڕای خستنەرووی ڕوانگەکانی خۆی لە سەر چۆنییەتی کار و خەباتی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، ڕایگەیاند کە بە هەموو شێوەیەك هاوکار و پشتیوان دەبن بۆ ئەوەی کە لە کارەکانیاندا سەرکەوتوو بن.

## بەشداریی شاندی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی شەهیدانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان

شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە سەر بانگهێشتی فەرمیی مەڵبەندی ١٤ی ڕێکخستنی کۆیە بە سەرپەرەستیی بەڕێز تاهیر مەحموودی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، لە ڕێورەسمی ڕۆژی شەهیدانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان کە لە باخچەی شەهیدانی قوڕەبەرازە بەڕێوەچوو، بەشداری کرد. لەو ڕێوڕەسمەدا شاندی حیزبی دێموکرات چاوی بە بەرپرسانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان کەوت و ڕێز و حورمەتی حیزبی دێموکراتیان پێشکەش بە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی یەکیەتی و هێزی پشتیوانی ئەم حیزبە کرد.

## شاندی حیزبی دێموکرات لە سمیناری ئەحمەد شەهید لە پارلمانی سوید بەشداریی کرد

ڕێکەوتی ٥ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، ئەحمەد شەهید، ڕیپۆرتێری تایبەتی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران، لە لایەن چەند ڕێکخراوێکی سویدییەوە بۆ بەڕێوەبردنی چەند سمینارێك، بانگهێشتی ئەو وڵاتە کرابوو. شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێکهاتوو لە حەمید تەیموری بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دیموکرات لە وڵاتی سوید و جەمیلە حەسەنخاڵی بەرپرس و نوێنەری کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، بە بانگهێشتی فەرمیی بەڕێوەبەرانی سمیناری تایبەت بە پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران کە لە پارلمانی سوید بەڕێوەچوو، بەشداریی کرد. ئەم سمینارە کە لە لایەن حیزبی چەپی سویدەوە ڕێکخرابوو لە دوو بەشی، پێشکەشکرانی بابەتەکان لە لایەن ئەحمەد شەهید و هاوڕێکانی کە باسەکانیان تایبەت بوون بە دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران و بە تایبەت نەتەوە بندەستەکانی ئێران و هەروەها سرنج و تێبینیی بەشداربوان پێکهاتبوو. لە سەرەتای ئەم سمینارەدا، ئەحمەدشەهید بە گشتیی باسێکی کورتی لە سەر هەلومەرجی ئێران هێنایە بەر باس و لە وتەکانیدا باسی پێشێل کردنی مافی مرۆڤی لە ئێران بە گشتیی هێنایە گۆڕێ. لە درێژەدا، «شوعلە زمینی» و دوکتور «حوسەین نایب هاشم» کە دوو ئەندامی ڕێکخراوی «سویدوویند» لە وڵاتی ئۆتریش، باسی مافی مرۆڤیان لە ئێران کرد. بەشی کۆتایی سمینارەکەش تەرخان کرابوو بۆ ڕا و تێبینیی بەشدارانی سمینارەکە کە زۆرێك لە حیزب و لایەنە سیاسییە کوردستانی و بیانییەکانیشی تێدا بەشدار بوو.

## سەردانی نوێنەری حیزبی دێموکرات لە پارلمانی نورویژ

ڕێکەوتی ١٣ی سەرماوزی ١٣٩٣ی هەتاوی، عەزیم ئەلیاسی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە نورویژ لە پارلەمانی ئەو وڵاتە دیدارێکی لە گەڵ « سیلیە سوێنستە روید برۆتن» ڕاوێژکاری سیاسیی گرووپی پارلمانیی حیزبی سوسیالیستی چەپی نورویژ پێکهێنا و لەم دیدارەدا کۆمەڵێك بابەتی پەیوەندیدار بە کورد و ناوچەکە تاوتوێ کران. هەر لەم ڕووەوە داوا کرا حیزبی سوسیالیستی چەپی نورویژ کار بۆ ئەوە بکات، لە ڕێگای وڵاتەکەیەوە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا گوشار بخرێتە سەر کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئەوە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ و زیندانیانی سیاسی بگرێت. لەم چاوپێکەوتنەدا پێشنیار کرا هەوڵی گرتنی سمیناری جۆراوجۆر لە پەیوەندی لە گەڵ بارودۆخی گەلانی ئێران لە لایەن حیزبی سوسیالیستی چەپی نورویژەوە چ لە ئاستی نورویژ و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بدرێت.

## ڕاپرسیی ناوەندی دەنگ و ڕەنگی مەهاباد، ناڕەزایەتیی خەڵکی لێ دەکەوێتەوە

ڕێکەوتی ١ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، خەڵکی مەهاباد بە نیسبەت ڕاپرسیی ناوەندیی دەنگ و ڕەنگی مەهاباد، نارەزایەتییان دەربڕی. ڕاپرسی ناوەندی دەنگ و ڕەنگی مەهاباد سەبارەت بە «حەسەن زیرەك» و بەراوردکردنی ئەو هۆنەرمەندە نەتەوەییە لە گەڵ دوو گۆرانیبێژی فارس، بووەتە هۆی نارەزایەتیی خەڵکی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات. هەر لەو پیوەندییەدا هێزەکانی سپای پاسداران و ئیتلاعات هەرەشەیان لە خەڵکی مەهاباد کردووە لە مەڕ هەر جوورە مانگرتن و نارەزایەتی دەربڕینێك و هەروەها لەو پەیوەندییەشدا ٣ چالاکی مەدەنییان دەست بەسەر کردووە.

## لە بۆکان مامۆستایەکی زانکۆ، لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتەوە دەستبەسەر کرا

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ڕێکەوتی ٤ی سەرماوەزی ١٣٩٣ی هەتاوی، لاوێکی خەڵکی شاری بۆکان، بەناوی لۆقمان سەمیعی لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارەوە، دەستبەسەر کراوە. لوقمان سەمیعی بڕوانامەی کارناسیی باڵای لە رشتەی زانستە سیاسییەکاندا هەیە و بۆ ماوەیەك لە زانستگاکانی پەیام نوور و ئازادی ئەو شارە وانەی وتوتەوە. لوقمان سەمیعی، تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێك لە حیزبە کوردییەکانی دراوەتە پاڵ و لە ماڵی خۆیاندا لە شاری بۆکان دەستبەسەر کراوە.

## لە سنە چالاکێکی مافی ژنان و منداڵان دەستبەسەرکرا

ڕێکەوتی ٥ی سەرماوەزی ١٣٩٣ی هەتاوی، هێزە لیباس شەخسییەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئێران لە شاری سنە «مەنیژە سادقی» چالاکی بواری ژنان و منداڵانیان دەستبەسەر کرد. مەنیژە سادقی لە چالاکانی بواری مافی ژنان و منداڵانە کە دوای پشکنینی ماڵەکەی لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە دەست بە سەرهەندێك لە کەل و پەلی شەخسی ناوبراو وەك کتێب، کامپیوتێر و موبایلی ئەو ژنە هەڵسووڕەدا گیراوە.

## مانگرتنی زیندانییانی سیاسیی کورد لە زیندانی ورمێ

ڕێکەوتی ٩ی سەرماوەزی ١٣٩٣ی هەتاوی، مانگرتنی زیندانییانی سیاسیی کوردی زیندانی ورمێ بە هۆی پێڕانەگەیشتن بە کێشە و گرفتی ناو زیندان و هەڵسوکەوتی نامرۆڤانەی بەرپرسەکان دەستی پێکرد. سەرەڕای هەڕەشەی بەرپرسانی زیندانی ورمێ، زیندانییانی سیاسیی کوردی بەندی ١٢، بڕیاریانداوە دەست لە مانگرتن هەڵنەگرن تا هەموو داواکارییەکانییان لە لایەن بەرپرسانی زیندانی ورمێ بە جێی بە جێی دەبێت.هەروەها زیندانییانی سیاسیی، زیندانی ناوەندی زاهیدان، سنە، رەجایی شاری کەرج، پشتیوانی خۆیان لەو مانگرتنەی زیندانیانی سیاسی کورد ڕاگەیاندووە.

## دوو هاووڵاتیی کوردی شارەکانی سنە و نەغەدە ڕەوانەی زیندان کران

ڕێکەوتی١٢ی سەرماوەزی١٣٩٣ی هەتاوی، هاووڵاتییەکی بەناوی«حاجی‌کامیل مام شێخ»، دانیشتووی گوندی «خەلیفانی»سندووسی نەغەدە، کە بە تۆمەتی«هاوکاری لە گەڵ یەکێك لە حیزبە‌کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی ڕێژیمی ئێران» بە ١ ساڵ زیندان مەحکووم کراوە، بۆ تێپەڕکردنی حوکمەکەی، ڕەوانەی زیندان کرا. حاجی‌کامیل مام شێخ تەمەن ٣٨ ساڵ، باوکی ٤ منداڵ، وەرزێر، کەسایەتیی ناسرا و خۆشناوی ناوچەی نەغەدەیە. هەر لەم پێوەندییەدا، ڕێکەوتی ١٣ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، موختار ئەسەدی، مامۆستا و چالاکی سینفی لە لایەن دادگای شۆڕشی شاری «سنە»وە بۆ بەشی بەڕێوەبردنی حوکمەی بانگهێشت کراوە. ئەم هاووڵاتییە پاش بانگهێشت، بۆ تێپەڕکردنی ماوەی حوکمەکەی ڕەوانەی زیندانی ناوەندیی سنە کراوە. ئەم مامۆستا کوردە، چەند ساڵ پێش، بە تۆمەتی «تەبلیغ دژی نیزام» لە لایەن لقی ١٥ی دادگای شۆڕشی تارانەوە بە ١ ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرابوو.



## لە پیرانشار پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٧ی سەرماوەزی ١٣٩٣ی هەتاوی «ئیسماعیل سلێمانی» لە تەمەنی ٥٥ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی ماڵاوایی لە ژیان کرد و تەرمی ناوبراو لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکەدا لە گۆڕستانی «پیرانشار» بە خاك سپێردرا. کاك ئیسماعیل دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکرات پەیوەست بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات بوو و لە هێزی شەهید «ئاوارە»ی ئەو کات سازمان درا و لە زۆری شەڕەکانی ئەو ناوچەیە بەشداری کرد. ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی کاك ئیسماعیل لە شەڕێکی قارەمانانەدا بۆ بەرگری لە کوردستان بەسەختی بریندار بوو و لاقێکی لە دەستدا و لە سەر رەزامەندی حیزب بۆ چارەسەری برینەکەی گەڕایەوە و هەتا دواساتەکانی ژیانی وەك پێشمەرگەیەك وەفادار بە حیزب مایەوە. ناوبراو یەکێك لە هاندەرانی لاوان بۆ هاتنە ڕیزەکانی حیزب بوو و چەندین جار لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمەوە بانگهێشت و هەڕەشەی لێکرابوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری کاك ئیسماعیل دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## کەسایەتیەکی ئایینیی خۆشناوی گوندی نێ، کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٧ی سەرماوەزی ١٣٩٣ی هەتاوی، مامۆستا مەلا «محەممەد نیك پەی» کەسایەتی ئایینی و خۆشناو و نیشتمانپەروەری گوندی نێ،سەر بە شاری مەریوان لە تەمەنی ٧٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. مەلا محەممەد چەندین جار لە ساڵەکانی دەیەی شەستی هەتاوی، لە لایەن هێزە ئەمنییەتی و ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە بانگهێشت و ئازار و ئەشکەنجە کرابوو. ئەو مامۆستا ئایینیە هەروەها لە ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئێرانەوە بانگهیشت و لە مەڕ ئەوەی کە لە سەر ناڕەوابوونی هەستی نەتەوایەتی لە نێ، وتار نادەن، بێڕێزی پێکرابوو. تەرمی مەلا محەممەد لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری مامۆستا مەلا محەممەد نیك پەی دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## کەسایەتییەکی خۆشناوی ناوچەی مەریوان کۆچی دوایی کرد

عوسمان سەعیدزادە برای دوو شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان بە ناوەکانی شەهید «مستەفا و عەلی سەعیدزادە» خەڵکی گوندی بایەوە، سەر بە شاری مەریوان کۆچی دوایی کرد و لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاك سپێردرا. کاك عوسمان پاش دەستبەسەرکرانی شەهید عەلی لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی، بۆ ماوەی ٢ساڵ ئاوارە دەبێت و دوای ساڵێك هەواڵی تیربارانی براکەی بە تاوانی ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە زیندانی «ئەڤین»ی پێدەدەن. عوسمان دوای خۆڕاگریی لە بەرامبەر هەموو ئەو زەخت و گوشارانەدا، لە ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی بە شەهید بوونی مستەفای برای لە ڕیزی یەکێك لە حیزبە کوردیەکانی دژ بە ڕێژیمی ئێران لە شەڕێکی ناو شاری مەریوان، دیسان تووشی لێقەومان دەبێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری کاك عوسمان دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆچی دوایی کرد

دەروێش سلێمان مەحیەدینی خەڵکی «دەربکە»ی پیرانشار، بە هۆی نەخۆشیی دڵەوە لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا ماڵاوایی لە ژیان کرد. دەروێش سلێمان لە ماوەی ساڵەکانی ١٣٥٨ هەتا ١٣٦٣ پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە و لە ماوەی تەمەنی پێشمەرگایەتیی خۆیدا چەندین جار بریندار بووە. پاش ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی، دەروێش سلێمان لە سەر ئیزنی حیزب و بەپێی بارودۆخی ژیانی خۆی گەڕاوەتەوە نێو بنەماڵەکەی و چەندین جار لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە ئازار و ئەزیەت دراوە و لە لایەن ئیتلاعاتی ڕێژیمەوە بە شێوەیەکی دڕندانە ئەشکەنجە کراوە. دوو برازای دەروێش سلێمان بە ناوەکانی «جەبار مەحیەدینی» و «ڕەحیم عوقابی» لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا و لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانیان و بەدەستهێنانی ئازادی بۆ کوردستان شەهید کراون.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری دەروێش سلێمان دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شریك و بەشدار دەزانێت.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی ئەنزەل کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ١٠ی سەرماوەزی ١٣٩٣ی هەتاوی، «ئیبراهیم ساکان دۆست « کوڕی «مووسا» ئەندامی وەفاداری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەڵکی گوندی «حماما» لە ناوچەی «ئەنزەل»ی سەر بە شاری ورمێ بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجە لە تەمەنی ٦٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.تەرمی ناوبراو لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکەدا لە گۆڕستانی گوندی «حماما» بە خاك سپێردرا.کاك ئیبراهیم ساکان لە بنەماڵەیەکی شۆرشگێر و وڵاتپارێز لە دایك بووە، ناوبراو لە سەردەمی منداڵیدا و لە کاتێکدا کە بنەماڵەی ناوبراو بە هۆی بەشداری لە شۆڕشی «ئاگری» تووشی دوور خرانەوە ببوون، لە دایك دەبێت. ناوبراو لە سەردەمی خەباتی چەکداری حیزبی دێموکرات بە دژی ڕێژیمی ئێران پەیوەندی بە حیزبەوە دەگرێت و وەك ئەندامێکی نهێنی حیزب لەو ناوچەیە دەست بە خەبات دەکات و زۆر جار بە هۆی هاوکاریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەوێتە بەر ئازار و ئەشکەنجەی هێزەکانی ڕێژیمی ئێران.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس وکاری کاك ئیبراهیم دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## لە شاری سەقز پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ١٠ی سەرماوەزی ١٣٩٣ی هەتاوی، کاك «کەریم عەلی محەممەدی» بە هۆی نەخۆشی لە تەمەنی ٦٥ ساڵید کۆچی دوایی کرد و ناوبراو لە ناو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاك سپێردرا. کۆچکردوو مامەکەریم، ساڵی١٣٣٧ی هەتاوی لە گوندی بناوەچانی سەر بە ناوچەی «خوڕخوڕە»ی سەقز لە دایك بووە و ساڵی١٣٧٢ی هەتاوی پەیوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دەگرێت. ئەو خەباتگێڕە خۆڕاگرە لە ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی لە لایە ن هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەستبەسەر دەکرێت وسەرەتا حوکمی ئیعدام و دواتر حوکمی هەتاهەتایی بۆ دەردەچێت. مامە کەریم هەتا ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی بۆ ماوەی ١٥ ساڵ لە زیندانەکانی «سنە» و «سەقز» لە زینداندا دەبێت و هەتا سەر، خۆڕاگر و وەفادار بە ڕێبازی حیزبەکەی مایەوە. ناوبراو لەم دواییانەدا بۆ ماوەی ٣ ساڵ تووشی «جەڵتەی مێشك» هاتبوو وهەر بەو هۆیەوە کۆچی دوایی کرد. بنەماڵەی مامە کەریم مەرگی ناوبراو بۆ ئەشکەنجە درێژخایەنەکانی ڕێژیمی ئێران دەگەڕێننەوە. مامە کەریم برایەکی بە ناوی «ڕەشید عەلی محەممەدی» شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە کە لە شەڕێکی قارەمانانەدا بۆ بەرگری لە خاکی کوردستان لە ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی شەهید بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری مامە کەریم دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## لە هەوشار باوکی دوو شەهیدی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ١٠ی سەرماوەزی ١٣٩٣ی هەتاوی «خالۆ فەرج مەحموودی» ناسراو بە « فەرەج هەلان» باوکی دوو شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان بە ناوەکانی شەهید «ئەحمەد و مەحموود هەلان» لە گوندی «ئەحمەد ئاوای» هەوشار بە هۆی نەخۆشییەوە لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا ماڵاوایی لە ژیان کرد. تەرمی خالۆ فەرەج لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاك سپێردرا. خالۆ فەرەج کەسێکی خۆشناو و جێگای متمانەی خەڵکی ناوچەکە بووە و هەردەم شانازیی بە کوڕە شەهیدەکانییەوە دەکرد کە لە ڕێگای ڕزگاریی کوردستان شەهید بوون. شەهید «محەممەد مەحموودی» ناسراو بە «مەحموود هەلان» پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاوایی «ئەحمەد ئاوا»ی هەوشار لە دایك بووە. ناوبراو فەرماندەی لکی هێزی «شەهیدانی هەوشار» بوو کە لە ڕێکەوتی ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی، لە شاری «تیکاب» لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە ئیعدام کرا و گڵکۆکەی هەر لە شاری تیکاب دایە. شەهید «ئەحمەد مەحموودی» ناسراو بە «ئەحمەد هەلان» پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاوایی «ئەحمەد ئاوا»ی هەوشار لە دایك بووە. ناوبراو سەرپەلی یەکێك لە پەلەکانی هێزی «شەهیدانی هەوشار» بوو، کە لە ڕێکەوتی ٢٨ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی، لە شەڕیکی قارەمانانەدا لە شوێنێك بە ناوی «کانی سپی» شەهید بوو. تەرمی شەهید ئەحمەد لە لایەن هاوڕێ و هاوسەنگەرانییەوە لە شوێنێك بە ناوی «چنارتوو» بە خاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە وکەس و کاری خالۆ فەرەج دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# ئەرکی شۆڕشگێڕ لە قۆناخە دژوارەکانی خەباتدا

شارۆژ

«یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی مێژووی دارمانی سیستمە سەرەڕۆ و تووتالیترەکان ڕۆڵی بنەڕەتیی حیزبە سیاسییەکان، کۆمەڵگای مەدەنی و شارۆمەندان لە ڕەوتی چاکسازیی و دێموکراتیزە بوونی سیستمی دەسەڵاتدار و زاڵدایە. مێژووی هاوچەرخی ئۆرووپای ڕۆژهەڵات شایەتێکە بۆ ئەم ڕاستییە کە کاتێ دەوڵەتەکان ڕێگەی هەر چەشنە وتووێژ و دانووستانێك لەسەر کۆمەڵگاکانی خۆیاندا دادەخەن، شارۆمەندان بۆ خۆیان بە پاڵپشتیی بنەما جەهانگیرەکانی مافی مرۆڤ و بە زانیاریی و ئاگایی لە بەرپرسیاریەتی ویژدانیی و شارۆمەندیی خۆیان، خەڵکانی جیهانیان کردووتە شایەتی خۆیان، و دەستیان داوەتە خەبات و داکۆکی لە بەها باڵا مرۆییەکان.»

مرۆڤ پاش بە پۆختەیی گەیشتن بەردەوام هەوڵی داوە تا مافە ڕەواکانی خۆی دابین کات. لە دابین کردنی یەکەمین پێداویستییەکانی ژیانی تا بونیادنانی کۆمەڵگا و دەوڵەت و شێوازی حوکمڕانی. بەم پێیە مێژووی مرۆڤ لەگەڵ خەباتدا گرێی خواردووە. خەبات بۆ دابین کردنی خۆراك و سەرپەنا لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سروشتدا هەتا دیاریکردنی سنوورەکانی ژیان و هێڵە سەرەکییەکانی بۆ مانەوە لە بازنەی مرۆڤایەتی و دابین کردنی مافە بنەڕەتییەکانی لە مافی فێربوون و نووسینەوە بگرە تا دیاری کردنی مافی چارەی خۆنووسین و بەشداریی لە بەڕێوەبەریی وڵات، حوکمڕانی و دەسەڵاتداری لە ناوچەیەکی دیاریکراوی جوگرافیاییدا. بەڵام بە دڵنیاییەوە هەر لە سەرەتای پۆختەیی مرۆڤەوە دابین کردنی ئەم پێداویستی و مافانە بە ئاسانی نەهاتووەتە دی و مرۆڤ بە پێی سەردەم و بارودۆخی بگۆڕی سەردەمەکان لەگەڵ هەندێ کەند و کۆسپ و ئاریشەی جیاوازدا بەرەوڕوو بووە. لە چاخی بەردینەوە کە بۆ زاڵ بوون بەسەر برسییەتی و مانەوەی لە بازنەی ژیان و زیادکردنی نەوەدا، لەگەڵ سروشتدا خەباتێکی بێ وچانی دەست پێ کرد و لە ئەنجامی ئەو خەبات و تێفکرانەدا، بەردی کردە مۆمی دەستی خۆی و یەکەمین کەرەستەکانی ڕاوی پێ دروست کرد، ئەم ڕەوتە لە خەبات و تێفکران تا گەیشتن بە سەردەمی ئاسن و بەرە بەرە تا بونیاتنانی دونیای مودێڕن و کەڵك وەرگرتن لە تێکنۆلۆژیا و کەرەستەی نوێی ئێلکترۆنیکی و هەناردنی سەتەلایتەکان بۆ دووردەستترین شوێنەکانی کاکەشان بۆ دۆزینەوەی دیاردەی نوێ و شوێنی ژیانی نوێ بۆ بەردەوامیی نەوەی داهاتوو بەردەوام بووە و ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت مرۆڤ لە خەبات بۆ مسۆگەر کردنی ئاوات و خەونەکانی نەوەستاوە و هەر بۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەسکەوتێکی دیکەی مرۆڤ دێتە ئاراوە کە بەدڵنیاییەوە بەرهەمی خەباتی مرۆڤە بۆ بەرهەمهێنانی کەشێکی گونجاو و لەبارتر بۆ ژیانێکی پێشکەوتوو و سەردەمییانەتر. لەم پێوەندییەدا خەبات بۆ دەربازبوون لە ژیانی کۆیلایەتی و دامەزراندنی سیستەمی گوندنشینی و شارنشینی و ئیدارە کردنی وڵات و کاروبارەکانی کۆمەڵگا بۆ باشتر بوونی بژێوی ژیانی مرۆڤەکان و هاتنە ئارای سەدان و بگرە هەزاران چەمك و دەستەواژەی جیاوازی کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و سیاسی و... هتد، کە پێوەندییان بە ژیانی ڕۆژانە و داهاتووی مرۆڤەکان و کۆمەڵگا مرۆییەکانەوە هەیە، بەشێکن لە ڕەوتی خەباتی مرۆڤ بۆ هاتنە دی ئاواتە لەمێژینەکانی.

بەڵام هەر وەك پێشتریش هێمامان بۆ کرد گەیشتن بەم وێستگەیەی کە ئێستا مرۆڤی ئەم سەردەمەی تێدایە هەروا بە ئاسانی و لەخۆڕا نەهاتووەتە بەرهەم و مرۆڤەکان لە پێناو گەیشتن بەم ئاوات و ئارەزووانەدا بە سەدان هەزار و بگرە بە ملیۆنان کەس قوربانیان داوە، بۆ ئەوەیکە ئەمڕۆ جیهان و گۆی زەوی شوێنێکی ئارامتر و ئەمینتر بێت بۆ ژیان. جا لەم چوارچێوەیدا، بەدڵنیاییەوە ئەو نەتەوانەی کە کەرەستەی پێویست و کەشی گونجاو و لەباریان بووە بۆ خەبات و تێکۆشان باشتر و خێراتر بە ئامانجەکانیان گەیشتوون و لە دەرنجامی ئەو خەبات و ماندوویەتییەدا ئێستا خاوەنی کیان و قەبارەیەکی سیاسی سەربەخۆن بۆخۆیان و لە هەندێ حاڵەتیشدا بە هۆی کەڵك وەرگرتن لە تێکنولۆژیا و کەرەستەی پێویست بازنەی حوکمڕانی خۆیان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا قەتیس نەکردووەتەوە و باڵی حوکمڕانی خۆیان کێشاوە بە سەر سنوور و جوگرافیاییەکانی دیکەی ئەم گۆی زەوییەشدا و هەر بەم پێیەش ڕەنگە بە هۆی چەندین هۆکاری جیاواز هەندێك لە نەتەوەکان نەیانتوانیبێ لە چاو کۆمەڵگا پێشکەوتووە شارستانییەکان بە شێوەیەکی یەکسان بۆ دابین بوونی ماف و ئاواتەکانیان تێبکۆشن و خەبات بکەن و بە ویست و داخوازییەکانی خۆیان بگەیەن. بەڵام بێ گومان ئەو نەتەوانەی کە خاوەنی خەون و خولیای جیاواز بن هەرگیز لە خەبات و تێکۆشان کۆڵیان نەداوە و سەرەڕای هەموو کێشە و کۆسپ و تەگەرەکان بەردەوام بوون لەسەر ڕێڕەوی خەباتی خۆیان و گومانی تێدا نییە کە لە ئەنجامی ئەو ماندوونەناسی و هەوڵە بەردەوامانەیانەدا ڕۆژێك بە ئاوات و ئارەزووەکانیان دەگەن. بەڵام ئەوەیکە گرینگە جەخت کردن لەسەر ئەم بابەتەیە کە کەند و کۆسپەکان هەرگیز ناتوانن مرۆڤی خاوەن ئیرادە و خاوەن ئایدیا لە گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانی بوەستێنێ و ڕەنگە لە بڕگەیەکی زەمەنیدا بە هۆی بارودۆخی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای مرۆیی و جوگرافیای سیاسی و مرۆیی ئەمڕۆی جیهاندا، تووشی سستی و لاوازی هاتبێتن بەڵام هەرگیز دەستیان لە خەون و خولیاکانیان بۆ گەیشتن بە ژیانێکی سەردەمیانەتر هەڵنەگرتووە.

هەر لەم چوارچێوەیەدا مرۆڤی کورد و نەتەوەی کوردیش لەم بازنەی خەبات و تێکۆشانە بەدەر نییە و مێژووی ئەم نەتەوە بەشخوارە، سەلماندوویەتی کە نەتەوەی کورد لە هەموو قۆناخەکانی ژیانیدا بۆ یەك چرکەش دەستی هەڵنەگرتووە لە خەبات و بەرخودان و قوربانیدان لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانیدا. بۆیە کاتێ لاپەڕەکانی مێژوو هەڵ دەدەینەوە لە هەموو سەدەکاندا و بەتایبەت لە سەدەی هاوچەرخدا نەتەوەی کورد بەردەوام بووە لە خەبات و تێکۆشان و بە تایبەت لە ١٤٠ ساڵی ڕابردوودا هەر کە شۆڕشێکی کورد لە پارچەیەکی کوردستاندا سەرکوت کراوە و دامرکاوە لە شوێنێکی دیکە و لە پارچەیەکی دیکە شۆڕشێکی دیکە بە دژی زۆرداران دەستی پێ کردووە و ئەم ڕەوتە تا بە ئەمڕۆش بەردەوامە و ئێستاشی لەگەڵ بێ نەتەوەی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان نەوەستاوە لە خەبات و قوربانیدان. هەرچەند لەم پێناوەدا بە دەیان جار تووشی چەرمەسەری، نەهامەتی، ماڵوێرانی، کاولکاری، کۆچ، زەبروزەنگ، سەرکوت، نسکۆ، جینۆساید و ئەنفال بووە بەڵام هەرگیز مرۆڤی شۆڕشگێڕی کورد نەهاتووە بە خەیاڵیشیدا کە دەست لە خەبات و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دوژمنانی کورد هەڵبگرێ و ڕۆژ نییە کە لەم پێناوەدا قوربانیی نەدات و ڕوونیش نییە کاروانی ئەم قوربانیدانە تا کەی درێژەی دەبێت. بەڵام ئەوەیکە دیارە بەدڵنیاییەوە تا گەیشتن بە مافە ڕەواکانی لە خەبات و شۆڕش بەردەوام دەبێت و لە هیچ داگیرکەرێك تا وەدیهاتنی خەون و ئاواتەکانی سڵ ناکاتەوە و ڕەنگە لە قۆناخێکدا شۆڕشەکەی تووشی ئاستەنگ بووبێت بەڵام هەرگیز بیری لە ئاشبەتاڵی هەتاهەتایی، ترس، بێ هیوایی و نائومێدی نەکردووەتەوە، چونکوو تاکی شۆڕشگێڕی کورد و حیزبە سیاسیە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و بە تایبەت حیزب و ڕێکخراوە ئازادیخوازانەکانی کوردستانی ئێران بەو باوەڕە گەیشتوون کە ترس و بێ هیوایی کوشندەترین ژەهرە بۆ پەیکەرەی شۆڕشێك کە بە نیازە دونیایەکی باشتر و داهاتوویەکی گەشتر بۆ کۆمەڵگا و خەڵکەکەی بێنێتە دی. لێرەدایە کە ڕۆڵ و ئەرکی تاکی شۆڕشگێڕ لە قۆناخە دژوارەکانی خەباتدا زیاتر لە جاران زەق دەبێتەوە، چونکوو هەروەك باسمان کرد گەیشتن بە ئامانجەکان بە بێ دانی نرخ ناکرێت و بە فەرموودەی شەهیدی هەرگیز نەمرمان دوکتۆر قاسملوو «ئەو گەلەی کە ئازادی دەوێت دەبێ نرخی ئەو ئازادیەش بدات.» و ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە هیچ شۆڕشێ بە بێ کەند و کۆسپ و تەگەرە ناگەیتە ئەنجام و بەدڵنیاییەوە شۆڕش ڕۆڵەکانی خۆی قووت دەدا. بۆیە کاتێ باس لەوە دەکرێت کە تاکی شۆڕشگێڕ سووتەمەنی ڕێگای خەبات و تێکۆشانە مەبەست لە زەق کردنەوەی ئەم بابەتەیە کە هیچ شۆڕشێ بە بێ گیانفیدایی و قوربانیدان بە لووتکە ناگات و هیچ شۆڕشێکیش لە مێژووی مرۆڤایەتیدا نەبووە کە یەك شەوە و بە بێ هیچ قوربانیدانێ بە ئامانج گەیشتبێ.

> **کاتێ باس لەوە دەکرێت کە تاکی شۆڕشگێڕ سووتەمەنی ڕێگای خەبات و تێکۆشانە مەبەست لە زەق کردنەوەی ئەم بابەتەیە کە هیچ شۆڕشێ بە بێ گیانفیدایی و قوربانیدان بە لووتکە ناگات و هیچ شۆڕشێکیش لە مێژووی مرۆڤایەتیدا نەبووە کە یەک شەوە و بە بێ هیچ قوربانیدانێ بە ئامانج گەیشتبێ**

لەم پێوەندییەدا زۆر ئاسایی و سروشتییە کە بە سەرنجدان بە گۆڕانکارییەکانی سەردەم و بەهێزبوون، دوژمنایەتی و هاوپەیمانیی وڵاتانی داگیرکەر و زاڵ بەسەر کوردستاندا، شۆڕشەکانی نەتەوەی کورد و لە سەرووی هەموویانەوە شۆڕشی ڕەوای نەتەوەکەمان لە کوردستانی ئێران تووشی تارمایی و لاوازی ببێت و ڕێگەی گەیشتن بە ئامانجەکانمان درێژتر ببێتەوە بەڵام هەرگیز ئەو ڕۆژە نایەت کە شۆڕشی نەتەوەی کورد بچێتە نێو لاپەڕەکانی مێژوو و لە کردەوەدا بوونی نەمێنێ.

بۆیە لەم قۆناغە هەستیارەدا کە قۆناغێکی دژوار و مێژووییە بۆ هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە شۆڕشگێڕەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان و بە تایبەت کوردستانی ئێران، ئەندامانی ئەو حیزب و ڕێکخراوانە وەك تاکێکی شۆڕشگێڕ لە چاو جاران زیاتر خۆیان ماندوو بکەن و بە هەوڵ و تێکۆشانی بێ وچانی خۆیان ڕێگەی خەباتەکەیان لەبارتر بکەن. لەم پێوەندییەدا زۆر ئاساییە کە شۆڕشگێڕ بگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو ڕێچکەیە کە دەیسەلمێنێ شۆڕشگێڕ کەسێکی خۆنەویستە کە ئامادەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی و گەلەکەی دەست لە خەون و خولیا تاکەکەسییەکانی هەڵبگرێ، قازانج و بەرژەوەندییەکانی گەل لە سەرووی قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە دابنێ و بەڕاستی بۆ بووژانەوەی بڵێسەی خەباتی ئەم نەتەوەیە ببێتە سووتەمەنی بەردەوامیی خەباتی ڕەوای گەلەکەی.

تاکی شۆڕشگێڕ دەبێ باش بزانێ کە شەونخوونی و هەژاری و دەسکورتی و بێ ئیمکاناتی بەشێکی سەرەکییە لە تایبەتمەندییەکانی شۆڕش و دەبێ بە هەست کردن بەو واقیعەی کە ئەمڕۆ زاڵە بەسەر ناوچەکەدا، خۆی بۆ قۆناخی زۆر لەمە دژوارتریش ئامادە بکات. بە تایبەت قۆناخێ کە جەمسەربەندیی زلهێزەکان بە پێی قازانج و بەرژەوەندییەکانیان بەردەوام لە گۆڕان و ئاڵوگۆڕدایە و ئەمەش وای کردووە کە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ وڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا بە لەبەرچاو گرتنی ئەو گەمە سیاسییەی کە هەنووکە زاڵە بەسەر ناوچەکە و جیهاندا، لە چاو جاران ئەستەمتر و دژوارتر خۆی بنوێنێ.

لەم قۆناخەدایە کە تاکی شۆڕشگێڕ بە تێگەیشتن لە ڕێگای دژوار و بڕگەی ئەستەمی خەباتەکەی و بارودۆخی نالەباری زاڵ بەسەر شۆڕشەکەیدا لە هەموو بوارەکاندا وەك بارودۆخی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژێئۆپۆلتیکی زاڵ بەسەر ناوچەکەدا، ببێتە پشت و پەنای حیزب و گەلەکەی و بە خوێندنەوەیەکی واقعبینانە لەو ڕاستییەی کە ئاستەنگەکان هەتا سەر نییە، دەبێ چاو لە جوانییەکانی دونیای تاکەکەسی و شکۆمەندیی و شکۆخوازیی تاکەکەسی ژیانی بنەماڵەیی هەڵبگرێ و بە کردەوە نەك دروشم بە دوژمنانی نەتەوەی کورد بسەلمێنێ کە مەتەرێز و کوورەی خەبات ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قایمتر و بەتینترە و هیچ بارودۆخێکی نالەباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و جوگرافیایی ناتوانێ ئیرادەی تاکی شۆڕشگێڕ بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانی سست و لاواز بکات.

لە وەها دۆخێکدایە کە تاکی شۆڕشگێڕ پێش لەوەیکە لە قۆناخی بەربەرەکانێ لەگەڵ دوژمن و داگیرکەری خاکەکەیدا دەستەویەخە بێت، دەبێت بە بێ هیچ دەمارگرژییەك لەگەڵ ناخی خۆیدا بکەوێتە بەربەرەکانێ و ئیزن نەدات هیچ تەنگ و چەڵەمەیەك، ببنە کۆسپێ لەسەر ڕێگای ئاوات و ئارەزووەکانیدا و تا گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانی حیزب و گەل لە تێکۆشان، گیانفیدایی، قوربانیدان و چاوپۆشی کردن لە حەز و ژیانی تاکەکەسیی سڵ نەکاتەوە و لە هیچ چەشنە فیداکارییەك لەم پێناوەدا درێغی نەکات.



# دووره دیمەنێک لە بزاڤی خوێندکاری لە ئێران و کوردستاندا بە بۆنەی «١٦ی سەرماوەز»ەوە

**کانیاو**

یەکێك لەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەی کە لە ئێراندا زۆر ئەکتیف و بەرچاوە، بزووتنەوەی خوێندکارییە. لە مێژوویی خەباتی بزاڤی خوێندکاری لە ئێراندا هەر هەڵوێست و هەنگاوێکی ئەو بزووتنەوەیە لە لایەك تێکەڵ بە چالاکی سیاسیی بووە و لە لایەکی دیکەوە هەر کات دەرفەتی بۆ ڕەخسا بێ، هێڵە سوورەکانی حاکمیەتی بەزاندووە و تەواوییەتی حاکمیەت و هەرەمی دەسەڵاتداری دیکتاتۆری خستوتە ژێر پرسیارەوە. زانستگاکانی ئێران، چ لە سەردەمی سیستمی پاشایی و چ لە سەردەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا هەمیشە سەنگەر و مەکۆی، خەبات و تێکۆشان، لە پێناو ئازادی و دێموکراسیی بووە و لەو پێناوەشدا قوربانی زۆری داوە. دەسەڵاتدارە توتالیترەکانی سیستمی «شاهەنشاهی» و «کۆماری ئیسلامی» هەمیشە زانستگا و خوێندکاریان بە دوژمنی دەسەڵاتی خۆیان زانیوە. هەر بۆیە لە لایەك هەوڵی سەرکوتی بزاڤی خوێندکارییان داوە و لە لایەکی دیکەوە هەوڵی دواکەوتوویی سیستمی فێرکاری و بە تایبەت زانستە مرۆییەکان و دەستەمۆکردنی خوێندکارانییان داوە. لە مێژووی پڕ هەوراز و نشێوی بزووتنەوەی خوێندکاریدا زور جار دەسەڵاتدارانی حکوومەتی ئێران توانیویانە بۆ ماوەیەك بزاڤی خوێندکاری سەرکوت بکەن، بەڵام ئەو بزووتنەوەیە وەك ئاگری بن خۆڵەمێش، هەر کات شنە بایەکی لێی دابێت و هەلێکی بۆ ڕەخسابێت، دووبارە لە جاران بە گوڕتر سەری هەڵداوەتەوە.

**بزووتنەوەی خوێندکاری لە سەردەمی ڕێژیمی پاشاییدا:**

ناڕەزایەتی دەربڕینی خوێندکارانی زانستگای تاران لە ١٦ی سەرماوەزی١٣٣٢ی هەتاوی، بە دژی سەفەری نیکسۆن جێگری سەرکۆماری ئەو کاتی ئامریکا بۆ ئێران و بۆ پشتیوانی لە سیاسەتی دکتور موسەدیق بۆ میللی کردنی پیشەسازیی نەوت، فەرمانی هێرشی سەربازیی بۆ سەرکوتی خوێندکارانی نارازی کۆلێژی فنی زانستگای تاران و کوژرانی سێ خوێندکاری ئەو کولێژە، بە خاڵێکی وەرچەرخان و گرینگ لە مێژووی بزووتنەوەی خوێندکاریدا دیتەئەژمار. چونکە حەمە ڕەزا شای پەهلەوی بزاڤی چالاك و بە هێزی خوێندکاری بۆ دەسەڵاتی ناسەقامگیری خۆی بە مەترسی دەزانی. ئەگەر چی پاش ڕووداوی ١٦ی سەرماوەز، زور لایەن و قوژبنی ئەو ڕووداوە هەر لە تاریکیدا مایەوە، بەڵام بزاڤی خوێندکاری لە بەرانبەر ئەو زەبرە قورسەدا توانی پشت ڕاست کاتەوە و بە گوڕتر لە پێشوو، کردەوەکانی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ئەمنیەتی سیستمی پاشایی حەمە ڕەزا پەهلەوی لەقاو بدا. بزووتنەوەی چەکداری ١٣٤٦ ـ٤٧ی هەتاوی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، بزووتنەوەی چەکداری «سیاهکل» لە ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی، لە باکووری ئێران و ڕێکخستنی ڕێکخراوەکانی چەپ بۆ خەباتی شەڕی چریکی، هەموویان لە بیاڤی زانستگادا بیروکەیان بۆ دارێژراوە. هەر بۆیە بزووتنەوەی خوێندکاری بە هەموو ڕەوتەکانیەوە وکوو هێزیکی بەرهەڵستکاری دەسەڵاتی دیکتاتوری پاشایی لە ئێراندا خۆی دەرخستبوو. هەروەها سەرەڕای ئەو خەفەقان و سەرکوتە بێ بەزەییانەی ڕێژیمی حەمەرەزا پەهلەوی لە زانستگاکاندا، بزووتنەوەی خوێندکاری بووە بە دینامۆ و هیزی ئاگا و هوشیاری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. هەر بۆیە بزووتنەوەی خوێندکاری توانی پاش دەورانیکی سەخت و دژوار، ببێتە دینامۆی حەرەکەتە ئیعترازییەکانی سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا. لە مێژووی سیاسی ئێراندا کاریگەریی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ڕووخانی سیستمی شاهەنشاهیدا حاشاهەڵنەگرە.

**بزووتنەوەی خوێندکاری لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا:**

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، زانستگاکان بوونە ناوەندی چالاکی سیاسی و بزووتنەوەی خوێندکاری ئاراستەیەکی جیاوازی لە پێناسەی دەسەڵاتی نوێ «کۆماری ئیسلامیی ئێران» بە خۆوە گرت. کۆماری ئیسلامی کە لە سەر بنەمایەکی ئیدئۆلۆژیکی دوگمی مەزهەبی دامەزرابوو و هەر جورە جیابیرکردنەوەیەکی بە هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵاتی خۆی دادەنا، بۆیە لە ژێر دیاردەیەکدا بە ناوی شۆڕشی فەرهەنگی دەرگای زانستگاکانی بۆ ماوەی ٣ ساڵ داخست و هاوکات دەستی کرد بە دەرکردن، گرتن و زیندانی کردن و ئیعدامی جیابیران و مامۆستایان و خوێندکارانی پێشڕەو و ئازادیخواز. لە ئاکامدا ڕێژیمی تازە دامەزراوی کۆماری ئیسلامی توانی بۆ ماوەی نزیك بە یەك دەیە زانستگاکان بێدەنگ بکات. سەرەتاکانی دەیەی ٧٠ی هەتاوی، هاوکات بوو لەگەڵ ئیعترازاتی گەلانی ئێران بە سیاسەتە هەڵەکانی ئابووری و سیاسیی ڕێژیم، بزووتنەوەی خوێندکاری بە کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونەکانی ڕابردووی خۆی، توانی بە خۆ ڕێکخستنەوەیەکی نوێ، خوێندکارانی زانستگاکان لە دەووری بزاڤی خوێندکاری کۆکاتەوە. هەروەها توانی لە دەرفەتی بەرتەسکی دەوڵەتی ڕیفورمخوازدا دەنگی ناڕەزایەتی بزووتنەوەی خوێندکاری تێکەڵ بە دەنگی خەڵکی وەزاڵەهاتووی گەلانی ئێران بکات. بزاڤی خوێندکاری نیشانی داوە، ئەگەر زۆر جارخەڵکی ئێران ناتوانن لە بەرامبەر دەسەڵاتی سەرەڕۆ و نادێموکراتیکی کۆماری ئیسلامی ناڕەزایەتیی دەربڕن، ئەوە زانستگا بوتە زمانحاڵی گەلانی ئێران و دەنگی ناڕەزایەتی دەربڕیوە. لە سەردەمی دەسەڵاتداریی دەوڵەتی ڕیفورمخوازانی حکوومەتیدا ئەوان لە پشتەوە خەنجەریان لە بزووتنەوەی خوێندکاری دا. فەرمانی هێرش و سەرکوتی بۆ سەر خوێندکارانی نارازی لە زانستگاکانی ئێران لە مانگی پوشپەڕی ١٣٧٨ ی هەتاویدا نموونەی زەقی ئەو دەسەڵاتەیە. هەروەها ئەو بە ناو ڕیفورمخوازانە، لە لایەك بە گرتن و زیندانی کردن و دەرکردنی خوێندکارانی ئازادیخوازی نەتەوەکانی ئێران و لە لایەکی دیکەوە بە سیاسەتی ئەمنییەتی کردنی زانستگاکان هەوڵی چاوترسێن کردنی خوێندکارانیان داوە. لێرەدا بە پێویستی دەزانین کە ڕۆڵی حەسەن ڕووحانی کە ئێستا سەرکۆماری ڕێژیمە لە سەرکوتی بزووتنەوەی خوێندکاری وەبیر بهێنینەوە. حەسەن ڕووحانی چ ئەو کاتەی بەرپرسی شووڕای ئەمنییەتی باڵای ڕێژیم بوو، یان ئەو کاتەی کە نوێنەری ڕێژیم لە دامودەزگا سەرکوتکەرەکان بووە، یەکێك لەو کەسانە بووە کە هەمیشە خوازیاری سەرکوتی بزووتنەوەی خوێندکاری بووە. نموونەی بەرچاوی کردەوە نامرۆییانەکانی حەسەن ڕووحانی، دەرکردنی فەرمانی سەرکوتی خوێندکارانی ڕاپەریو، بە هیزە سەرکوتکەرەکانی لیباس شەخسی و ئەمنییەتییەکان لە مانگی پووشپەڕی ١٣٧٨ی هەتاوی بوو. بە فەرمانی حەسەن ڕووحانی و کەسانی دیکە، هێزەکانی ڕێژیم بە شیوەیەکی نامرۆڤانە هێرشیان کردە سەر زانستگاکانی ئێران و ئەو کارەساتەیان خوڵقاند کە بیروڕای ئێران و جیهانی هەژاند. هەروەها بە ئەستێرەدار کردنی پێشڕەوانی بزووتنەوەی خوێندکاری، گرتن و زیندانی کردنی خوێندکاران، بە سەدان خوێندکار لە نەتەوەکانی ئێران لە خوێندنی باڵا بێبەش کران. پاش هاتنە سەرکاری حەسەن ڕووحانی وەك سەرکۆماریی ڕێژیم، نە تەنیا سەرکوت و خەفەقان لە زانستگاکانی ئێران و کوردستاندا کەمی نەکردووە، بەڵکوو چەند قات بووە. ئێستا زیاتر لە جاران زانستگاکانی ئێران و کوردستان لە ژێر چاودێری و هەڕەشەی هێزە ئەمنییەتییەکاندان. کێشەی دیاریکردنی وەزیری وەزارەتی خویندنی باڵا لە نیوان دەوڵەتی ڕووحانی و مەجلیسی شوورای ئیسلامیدا زیاتر لە ١٥ مانگی خایاند. لەو ٤ کەسە کە بۆ ئەو پوستە کاندیدا کرابوون لە لایەن دەوڵەتی ڕووحانییەوە تەنیا یەك کەس بە ڕێککەوتن لە نێوان مەجلیسی شوورای ئیسلامی و دەوڵەتی ڕووحانی بە ناوی مەحەممەد فەرهادی لە ڕێکەوتی ٥ی سەرماوەز توانی دەنگی متمانەی مەجلیسی ڕێژیم وەرگرێت. لێرەدا ئەوە گرینگ و جێی تێڕامانە کێشەی نێوانی دەوڵەتی حەسەن ڕووحانی و مەحلیسی شوورای ئیسلامی ڕێژیمە. چونکە کێشە لە نێوان مەجلیسی شوورای ئیسلامی و دەوڵەتی حەسەن ڕووحانی لە سەر مودیریەت، توانایی، شارەزابوون لە کار و باری بەڕێوەبەری زانستگاکان، مامۆستایان و خوێندکاراندا نییە، بەڵکوو کێشەکە لە سەر ئەوەیە کە کام یەك لەو ٤ کەسە پێشنیار کراوە بۆ پوستی وەزارەتی زانست، باشتر دەتوانێ زەبر و زەنگ، ترس و خەفەقان و کەش و هەوایەکی ئەمنییەتی لە زانستگاکاندا داسەپێت و هەر جۆرە ناڕەزایەتیکی خوێندکاری سەرکوت بکات و بە گشتی بزووتنەوەی خوێندکاری لە زانستگاکاندا بە تەواوی بێدەنگ بکات. هەر وەها توانای هەبێ لە دەرکردن و بێبەش کردنی مامۆستایانی ئازادیخواز و بە توانا، پسپۆڕ و شارەزا لە بوارەکانی زانست لە زانستگاکانی ئێران و کوردستاندا. سەرەڕای ئەو هەموو سەرکوت و خەفەقانە، بزووتنەوەی خوێندکاری ئێستا بووتە بزاڤێکی خۆشەویست و جێگای متمانەی گەلانی ئێران، چونکە خوێندکاران لە زۆربەی ناڕەزایەتییەکانی گەلانی ئێراندا ڕۆڵی خۆیان وەك پێشەنگی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان پیشان داوە.

**بزرتنەوەی خوێندکاری کورد:**

هەر چەند بزاڤی خوێندکاریی کورد، ڕابردوویەکی درێژی نییە، بەڵام لەو ماوەیەدا توانیویەتی ڕۆڵ و ئەرکەکانی خۆی لە زانستگاکانی ئێراندا بەڕێوەبەرێ. چونکە خوێندکاری کورد لە لایەك شوناسی نەتەوەیەکی بندەستی هەیە و لە لایەکی دیکەوە ئامانج و داخوازییەکانی خوێندکاری کورد، لەگەڵ ئامانجی خوێندکارانی سەر بەنەتەوەی باڵادەست جیاوازی هەیە. شوناسی خوێندکاری کورد، خاوەن ڕابردوویەکی خەباتی ڕزگاریخوازانەیە کە لە پێناو سەلماندنی بوونی خۆیدا قوربانیی زۆری داوە. هەر بۆیە خوێندکاری کورد لە زانستگاکانی ئێراندا بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانی نەتەوەی کورد، بە ڕوونکردنەوەی خوێندکارانی دیکەی نێو زانستگاکان ڕۆڵێکی بەرچاوی لە لەقاودانی سیاسەت و پیلانەکانی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئێرانی بۆ سەر نەتەوەی کورد هەبووە. خوێندکارانی کورد بە هەوڵی بێوەچانی خۆیان، توانیان زۆر لەو باوەڕە ناڕاستانە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە پڕوپاگەندەی ژەهراوی و چەواشەکاری ڕاستییەکان لە بەرامبەر مەسەلە و کێشەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا لە نێو زانستگاکاندا بڵاو کردبووە، پووچەڵ بکەنەوە. خوێندکارانی کورد توانیان لە دەرفەتەکان کەڵك وەرگرن و بە بڵاوکردنەوەی دەیان گۆڤاری خوێندکاری لە زۆربەی زانستگاکانی ئێران و کوردستان بە هیمەت و ماندوو بوونی خۆیان، ببنە باڵوێزی ویست و داخوازییەکانی نەتەوەی کورد لە زانستگاکاندا. خوێندکارانی کورد لە لایەك لە هەموو خوپێشاندان و ئیعترازاتی خوێندکاری لە ئاستی ئێراندا بەشدارییان کردووە و لە لایەکی دیکەوە بە دژی ئیعدامی لاوانی کورد لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، ئازایانە و چاونەترسانە و بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و «ئەی شەهیدان» و بەرزکردنەوەی داوا و ویستە ڕەواکانی نەتەوەی کورد هاتونە مەیدان. هەر لەو ماوەیەدا بە دەیان خوێندکاری کورد توشی گرتن و زیندان و بێبەش کردن لە خوێندنی باڵا بوون. بە سەرنجدان بە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خوێندکارانی کورد لە داهاتوودا دەبێ وەك باڵویزی نەتەوەی کورد، لە هەموو ئیعترازاتی خوێندکاریدا شان بە شانی خوێندکارانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران، زۆر چالاکتر لە ڕابردوو بەشداری بکەن و لە دەرفەتەکان کەڵکی پێویست وەرگرن. هەر وەك جاران خوێندکارانی کورد، دەبێ داخوازییەکانی نەتەوایەتی، فیدرالیزم، دێموکراسی و زۆر چەمکی دیکە بکەنە ڕۆژەڤی باس و خواستی خوێندکاران لە زانستگاکانی ئێران و کوردستاندا.

هەنووکە پاش تێپەڕ بوونی ٦١ ساڵ بە سەر ڕووداوی ١٦ی سەرماوەز، هەر وەك ڕابردوو هەڵسوکەوتی سەرکوتکارانە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بەرامبەر بە بزووتنەوەی خوێندکاری توندتر لە جاران بووتەوە و لە ماوەی تەمەنی ئەو ڕێژیمەدا بە سەدان خوێندکار و مامۆستای زانستگا بە تۆمەتی جۆراوجۆر تووشی گرتن، زیندان و ئیعدام و دەرکردن و ئەستێرەدار کردن و بێبەش بوون لە خوێندنی باڵا لە زانستگا بوون. بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێران پاش دەورانێکی دژوار و سەخت، ئێستا لە بەردەم دوو گۆڕانگاریدایە: یەکەم: بزاڤی خوێندکاریی دەبێ بە هەڵە و کەموکورییەکانی ڕابردووی خۆیدا بچێتەوە. دووهەم: بە دەرس وەرگرتن لە شکستەکانی ڕابردوو، چی دیکە هەوڵی نکۆڵی کردنی بزووتنەوەی خوێندکاریی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و بە تایبەت بزاڤی خوێندکاریی کورد نەدات. چونکە ڕەوتی ڕوو لە گەشەی بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد لە ئاستی زانستگاکانی ئێران و کوردستاندا چیدی نکۆڵی کردنی بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد قەبووڵ ناکات. هەر بۆیە بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێران دەبێ ڕەوت و بزووتنەوە خوێندکارییەکانی نەتەوەکانی ئێران بە پاراستنی شوناسی نەتەوەیی خۆیان و چەمکەکانی دێموکراسی، مافی نەتەوایەتی، مافی مروڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە بەرنامەی کاری خۆیدا بێ، تا لە داهاتوودا خوێندکارانی نەتەوەکانی ئێران لە بیاڤی زانستگادا شان بە شانی یەك، داوای ویست و داخوازییەکانی خۆیان بکەن.




---

## ڕۆژەڤ

### شەڕی ڕەوانی دژی داعەش

و: ڕەزا فەتحوڵلانژاد

ماڵپەڕی واشینگتۆن پۆست وتارێکی لە ژێر ناوی «شەڕی ڕەوانی دەکرێ باشترین چەك بێت دژی حکوومەتی ئیسلامی (داعەش)» بە قەڵەمی دەیڤید ئیگانتیووس بڵاو کردووەتەوە کە لەودا نووسەر پێشنیار دەکات لە شەڕی ڕەوانی دژی داعەش کەڵك وەربگیرێ.

لە سەرەتادا هاتووە: «کرمی پارانۆیا تەنانەت ڕەقترین دوژمنانیش دەخوات. نموونەیەکی ئەمە، ئەو پۆستە تویتێرییەیە کە حەوتووی ڕابردوو تێیدا ڕاگەیەندراوێکی حکوومەتی ئیسلامی خرایە ڕوو کە (داعەش) خەڵاتێکی پێنج هەزار دۆلاری بۆ زانیاریدان لەسەر «سیخوڕە مەسیحییەکان»ی نێو سوپاکەی داناوە.

ڕەنگە سیخوڕە ڕۆژئاواییەکان هەر ئێستا خەریکن دەخزێنە نێو حکوومەتی ئیسلامییەوە. ڕەنگیشە ڕاگەیەندراوەکە ساختە بێت و بە مەبەستی گومان دروستکردن لە نێوان فەرماندەکانیان دروست کرابێ. مەسەلەکە ئەمەیە کە جیهادگەراکان ناتوانن بزانن ڕاستە یان نا. هەر چۆنێك بێت، کرمەکە کاری خۆی دەکات.»

لە بەشێکی دیکەدا هاتووە: «ئەمانە هونەری سان تزوو بۆ شەڕن کە بەو پێیە ناڕاست نیشاندانی ڕاستییەکان، ڕاست نیشاندانی ناڕاستیەکان و بەلارێدابردن دەتوانن ببنە هۆی ئەوەی ڕکەبەرەکان خۆیان خۆیان لاواز بکەن و گومان لە بەرنامە و ڕێبەرەکانیان بکەن.

ئەم ئۆپەراسیۆنە نائاساییانە دەتوانن تێچووی ماڵی و گیانی زۆر کەمتریان لە بەشداریی جەستەیی لە مەیدانی شەڕ بەدواوە بێ».

نووسەر دواتر بەمەبەستی نیشاندانی کاریگەری بەرچاوی شەڕی ڕەوانی لە زەبروەشان لە دوژمن، ئاماژە بە چەند نموونەی مێژوویی دەکات. یەکێکیان هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوی ئیسلامیی ئەبوو نیدال لە ١٩٨٠ەکانە کە بە هۆی دزەی سێرویسە سیخوڕییەکانی ئەمریکا، بریتانیا و ئۆردۆنەوە دووبەرەکی لە نێویان ئەوەندە زیاد بوو کە لە ئاکامدا هەڵوەشانەوە.

نموونەیەکی دیکەی بۆ سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی دەگەڕێتەوە. بریتانیا هەوڵی دەدا زانیاری هەڵە بگەیەنێتە سیخوڕەکانی ئەڵمان بە جۆرێك کەرەتێکیان ئەڵمان بە قەناعەت گەیشت کە هێرشی بەرینی هاوپەیمانان لە بەرەی کالایس دەبێ، کەچی لە نۆرماندی بوو.

نووسەر ئاماژە بە نووسینێکی کلین واتس، ئەفسەری پێشووی سوپای ئەمریکا و کارگێڕی تایبەتی ئێف.بی.ئای لەمەڕ شەڕی ڕەوانی دژی داعەش دەکات کە نووسیویەتی: «هەوڵ بدەین لە نێوان ڕێبەرە پلەبەرزە عێراقییەکانی (حکوومەتی ئیسلامی) و هێزە شەڕکەرە بیانییەکانیان ناکۆکی ساز بکەین».

لە بەشێکی دیکەدا دەنووسێ: «ئاتیل ئەلنەجەفی، فەرمانداری پارێزگای نەینەوا ڕۆژی دووشەممە لە وتووێژێکدا پێی گوتم کە ناکۆکی نێوان بیانییەکان و خۆجێییەکان هەر ئێستا لە نێوان جیهادییەکانی موسڵ و کێشە لە نێوان عەرەبە سوننەکان و تورکەمەنەکانیشیان دەستی پێکردووە».

سەرچاوە:
Washingtonpost.com

# کێبڕکێی خوێناوی بۆ گەیشتن بە نەزمێکی نوێ

سەلام ئیسماعیل پوور

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەم ڕۆژانەدا بۆتە گۆڕەپانی شەڕێکی هەموولایەنە بۆ بەدەستهێنانی باڵادەستی لە نەزمی نوێی ناوچەکەدا. وەك چۆن شەڕی جیهانیی یەکەم و ڕێککەوتننامەی سایکس ـ پیکۆ بە کۆتاییهاتنی سەردەمی خەلافەتی عۆسمانی و پێکهێنانی وڵاتانی نوێ، ڕوخساری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان گۆڕی، بەهاری عەرەبی و ئاڵوگۆڕەکانی دوابەدوای ئەوەش بە پێکهێنانی سیستمێکی سێ جەمسەری کە جەمسەری ئێران ـ شیعەکان، جەمسەری عەرەبستان ـــ ڕێژیمە پاشایەتییەکان و جەمسەری تورکیە ـ کورد ـ ئیخوانولموسلمین، جارێکی دیکە نەخشەی سیاسیی ناوچەی خستۆتە بەردەم ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی.

یەکەمین ئاکامی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی، دابەزینی میسر لە پێگەی بەرزی خۆی وەکوو «ڕێبەری جیهانی عەرەب» بوو. ئەم ڕاپەڕینانە بوونە هۆی ڕووخان یان لاوازبوونی زۆربەی دیکتاتۆرەکانی ناوچە و دابەزینی ئاستی توانایییەکانیان. شەڕی نێوخۆیی سووریە و ئاڵوگۆڕەکانی عێراق بە تایبەتی پاش سەرهەڵدانی خەلافەتی داعشیش خاکی ئەم دوو هێزە ناوچەییەی ڕابردووی زیاتر لە جاران و هاوشێوەی میسر، کردە گۆڕەپانی کێبڕکێی ئێران، تورکیە و عەرەبستان.

تورکیەش لە نێوخۆدا بەستێنی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتییە. حیزبی داد و گەشەپێدانی لایەنگری ئیخوان بە شێوەیەکی ڕوو لە گەشە خۆی کردۆتە سەرچەشنێکی سەرکەوتوو بۆ پەرەپێدانی ئێخوانیزم و بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، لە گەڵ هەموو لقوپۆپەکانی ئیخوانول موسلمین لە سەرانسەری ناوچەدا هاوکاری دەکات.

ڕێبەرانی حیزبی داد و گەشەپێدان لەو باوەڕەدان کە ئەگەر ئەوان توانیویانە بە میانەڕەوی، لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی دێموکراتیکەوە بە لووتکەی دەسەڵات بگەن، هاوبیرانیان لە نێو ئێخوانەکانی سووریە و میسریش دەتوانن سەرکەوتنێکی هاوشێوە بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. بەم پێیە، تورکیە دەیهەوێ ناوچەیەك لە ژێر دەسەڵاتی ئێخوانول موسلمیندا پێك بهێنێ کە لە لایەن تورکیەوە سەرکردایەتی دەکرێت. ئەم بۆچوونە بە ڕوونی هۆکاری تووڕەبوون و تۆقینی تورکیە لە هەڵوێستی واشینگتۆن بەرامبەر بە ڕووخانی موحەممەد مورسی لە میسر دەر دەخات.

لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستەدا لایەنگرانی پاراستنی سیستمە سیاسییە کۆنەکان لە ناوچەدا، وەك ئۆردۆن، عەرەبستان، کوەیت و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی بە کردەوە داکۆکییان لە دەستێوەردانی سوپای میسر و لادانی مورسی لە دەسەڵات کردووە و تەنانەت یەك لە دوای یەك ڕێکخراوی ئیخوانول موسلمینیان خستە نێو لیستی گرووپە تیرۆریستییەکان.

لەم نێوانەدا، ڕێژیمی ئێرانیش دەیهەوێ خەونی هیلالی شیعی بەدی بهێنێ و لەم پێناوەدا بە بەشداریی ڕاستەوخۆ لە سەرکوتی بێبەزەییانەی ڕاپەڕینی خەڵکی سووریەدا دژ بە ڕێژیمی ئەسەد، ئەم ڕووداوەی وەکوو شایەتییەك بۆ ستەملێکراویی شیعەکان و پێناسەکردنی ڕۆڵی خۆی لە پاراستنیاندا بەرامبەر بە تەوژمی سوننیگەری خوێندۆتەوە و شیعەکانی لە ئەفغانستانەوە تا یەمەن و بەحرەین و لە عێراقەوە تا لوبنان و سووریە، ڕاکێشاوەتە نێو گۆڕەپانی شەڕی بەرگری لە ئەسەد. ڕێژیمی ئێران هەروەها بە چەکدارکردن و هاندانی کەمینەی یاخیبووی شیعە حووسییەکان لە یەمەن، هەوڵدان بۆ ئاژاوەنانەوە لە ناوچە شیعەنشینەکانی عەرەبستان و پاڵپشتیکردن لە ڕاپەڕینی شیعەکان دژ بە حکوومەتی لایەنگری بنەماڵەی سعوودی لە بەحرەین، ململانێیەکی هەموولایەنەی لە گەڵ عەرەبستان دەست پێ کردووە.

ئەم کێبڕکێیە لە هیلالی بەپیتی باکووریشدا کەلێنە ئایینی و سیاسییەکانی قووڵتر کردوەتەوە. ئەم هیلالە کە لوبنان، سووریە و عێراق لە خۆ دەگرێت، بۆتە گۆڕەپانی ململانێیەکی خوێناوی و حکوومەتەکان و لایەنە شیعەکانی ئەم دەڤەرە بۆ پێکهێنانی یەکێتییەکی بەهێز لە گەڵ یەکتر و لە گەڵ ڕێژیمی ئێران هەوڵ دەدەن.

سەرەڕای ئەوەی کە تورکیە و عەرەبستان لە دوو بلۆکی جیاوازدان، بەڵام لە سووریە و لە بەرامبەر ئێراندا یەکیان گرتووە. هاوکات، ئانکارا و ریاز لە میسر لە بەرامبەر یەکتر ڕاوەستاون، تورکیە پشتیوانی لە ئێخوانول موسلمین دەکات و عەرەبستان لە حکوومەتەکەی عەبدولفەتاح سیسی




تورکیە کە لە پێڕەوکردنی سیاسەتی ڕووخاندنی ڕێژیمی سووریەدا لەگەڵ ململانێی ئێران بەرەوڕوو بووە، بە پاڵپشتیکردن لە ڕەوتی ئیخوانول موسلمین لە سووریە و عێراق پێی ناوەتە گۆڕەپانی شەڕێکی چارەنووسساز. ئەم هەڵوێستە بەکردەوە ئانکارای کردووەتە لایەنی دژبەری ڕێژیمە شیعەکانی ئێران، عێراق و سووریە.

لەم نێوانەدا هەرێمی باشووری کوردستانیش کە نیگەرانی بەهێزبوونی پێگەی حکوومەتی ناوەندی لە بەغدایە، بە نزیکترکردنەوەی خۆی لە ئانکارا و هاوکاریکردنی تورکیە لە کەرتی وزەدا، کۆمەڵێك دەستکەوتی گرینگی بۆ خۆی دەستەبەر کردووە.

کوردەکانی ڕۆژئاواش لە هەوڵدان بۆ ئەوەی کە پاڵپشتیی تورکیە بە دەست بێنن. وتووێژەکانی ئاشتیی نێوان حکوومەتی تورکیە و پارتی کرێکارانی کوردستان کە لقی ڕۆژئاوای کوردستانی بووەتە خاوەن پێگەیەکی بەهێز لەم بەشەدا، ڕێککەوتنی نێوان لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بە نێوانگریی هەرێمی کوردستان و یارمەتیدانی تورکیە بە تێپەڕبوونی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ یارمەتیدانی شەڕڤانانی کورد لە کۆبانێ لە بەرامبەر هێرشەکانی داعشدا یارمەتیدەری بەهێزتر بوونی ئەم پێوەندییانەیە.

گرینگیی ئەم یەکگرتنە کاتێك زیاتر دەردەکەوێت کە بزانین سیاسەتی تورکیە لەمەڕ ئیخوانول موسلمین بە تەواوی شکستی هێناوە. ئێخوان لە میسر دەسەڵاتیان لە دەست داوە و سەرەڕای ئەوە نەیانتوانیوە پاڵێوراوی خۆیان بکەنە ڕێبەری ئۆپۆزیسیۆنی سوریە. لە لایەکی دیکەوە، لە لیبیاش بە تەواوی پەراوێز کەوتوون. قەتەریش کە لە ڕابردودا یارمەتیدەری ئانکارا بۆ پاڵپشتیی ماڵی لە لقوپۆپەکانی ئێخوان بوو، وادیارە کە بە دەستاودەست کردنی چاوەڕواننەکراوی دەسەڵات لە دەوحە، سیاسەتی پێشوی خۆی وە لا ناوە. ئەم مەسەلەیە پێویستییەکانی تورکیەی بە یەکگرتنێکی ئێستراتژیك لە گەڵ کورد و بەرەوپێشبردنی ڕەوتی ئاشتی لە گەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان چەندقات کردۆتەوە.

هەنووکە لە سێبەری پێکدادانی نێوان ئەم سێ هێزە ناوچەییەدا، لەگەڵ کۆمەڵێك یەکگرتنی تاکتیکیی جۆراوجۆر لە نێوانیاندا بەرەوڕووین. بۆ نموونە، سەرەڕای ئەوەی کە تورکیە و عەرەبستان لە دوو بلۆکی جیاوازدان، بەڵام لە سووریە و لە بەرامبەر ئێراندا یەکیان گرتووە. هاوکات، ئانکارا و ریاز لە میسر لە بەرامبەر یەکتر ڕاوەستاون، تورکیە پشتیوانی لە ئێخوانول موسلمین دەکات و عەرەبستان لە حکوومەتەکەی عەبدولفەتاح سیسی.

ئەم تێڕوانینە بۆتە هۆی ئەوەی کە لەگەڵ ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی سێ جەمسەری بەرەوڕوو بین کە تێیدا ئێران، تورکیە و عەرەبستانی سعوودی لە چوارچێوەی یەکگرتنە کاتییەکاندا بەرامبەر بە یەکتر ڕاوەستاون و بۆ پێکهێنانی نەزمێکی نوێ لە ناوچەدا بەرەنگاری یەکتر بوونەتەوە. هەڵبەت لەم نێوانەدا، هەرگیز نابێت لە ڕۆڵی ئیرادە و وزەی شۆڕشگێڕانەی گەلانی ناوچەکە و هەروەها کارتێکەریی هێزە ئەوپەڕ ناوچەییەکانی وەك ئەمریکاش چاوپۆشی بکەین کە لە هەر ئانوساتێکدا دەکرێت یاساکانی ئەو کایە سێ جەمسەرییە بە تەواوی تێك بدەن، وەك چۆن یەکەمین بلێسەی ئەم ئاگرە و دەستپێکی هەموو ئەم ئاڵوگۆڕە مەزنانە، زللە لێدانی ژنە پۆلیسێك لە میوەفرۆشێکی توونسی بوو کە دۆمینەی شۆڕشەکان و شەڕە خوێناوییەکانی چەند ساڵی ڕابردووی ناوچەکەی لێ کەوتەوە.

# ڕەوتی ئاشتی لە باکووری کوردستان

شەهاب خالیدی

دوای هێرشی داعش بۆ سەر کۆبانێ و هەڵوێستیی ناڕوونی تورکیە، گەلی کورد لە کوردستانی باکوور بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لە بەرامبەر ئەو بێ هەڵوێستیەی تورکیە، دەستیان بە خۆپێشاندانێکی پان و بەرین کرد، کە لە ئاکامدا زیاتر لە ٣٠ کەس کوژران و بریندار بوون. قەندیلیش ڕایگەیاند کە ئەگەر تورکیە لە بەرامبەر هێرشی داعش بۆ سەر کۆبانێ بێ هەڵوێست بمێنێ، ئەوا شتێك بە ناوی ڕەوتی چارەسەری و ئاگربەس نامێنێ. بەڵام سەرەڕای ئەو هەڵوێستەی قەندیل، ئۆجەلان بۆ ئەوەی کە پێڤاژۆی چارەسەری هەر لە ڕۆژەڤدا بمێنێ، ڕەشنووسێکی بۆ درێژەپێدانی ئەو پێڤاژۆیە ئامادە کرد و دوای ڕۆیشتنی شاندی HDP بۆ ئیمرالی، ڕادەستی ئەو شاندەی کرد بۆ ئەوەی کە بگەیەندرێتە دەست حکوومەتی تورکیە و قەندیل، بۆ ئەوەی کە لە ماوەی پێنج مانگدا، پێکەوە لە سەر ئەو ڕەشنووسە ڕێك بکەون. هەر لەو چوارچێوەیەدا باس لەوە دەکرێ کە بۆ یەکەم جار شاندێکی حکوومەتی تورکیاش دەچێتە قەندیل.

بەڵام هێندێك لە کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد لە سەر ئەو باوەڕەن کە حکوومەت دەیهەوێ «پرسی PKK»، نەك «پرسی کورد» چارەسەر بکات، هەربۆیەش زیاتر باس لە دانانی چەك و گەڕانەوەیان بۆ وڵات دەکات، بۆ ئەوەی کە بەم شێوەیە ئەو مەترسییە گەورەیە لە سەر خۆی لا ببات و بەم شێوەیە بە دانی کەمترین ماف بە کورد پێڤاژۆی چارەسەری لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتی خۆیدا بە ئەنجام بگەیەنێ.

بۆ وێنە لەم بوارەدا سەرۆکی گشتیی HAK-PAR فەهمی دەمر ئاشکرای کرد کە حکوومەت هیچ پرۆژەیەکی بۆ چارەسەری نیبە و وتی: «پرۆژەی حکوومەت زیاتر لە سەر چەکدانانی PKK یە. لە پشت پەردەدا چ ڕوو دەدات ئێمە نازانین، بەڵام تەنیا ڕێگای چارەسەری کێشەکان، چارەسەریی ڕاستەقینەی پرسی کوردە. بەڵام تا ئێستا دەسەڵات بۆ دانی مافی کورد، هیچ هەنگاوێکی جیدی هەڵنەگرتووە».

سەرۆکی گشتیی KADEP لۆتفی باکسیش دەڵێ: «حکوومەت دەیهەوێ کوردەکان سەرگەرم بکات. ڕاگرتنی شەڕ باش و ئەرێنییە، بەڵام ئێمە هیچ هیوایەکمان بە ڕەوتی چارەسەری نەماوە، چونکە حکوومەت هیچ نەخشە ڕێگایەکی نیە».

سەرۆکی گشتیی PAK مستەفا ئۆزچەلێکیش دەڵێ: «پێویستە کە حکوومەت مەجوودییەتی کورد لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیدا قبووڵ بکات. دەبێ ڕێگا بدرێت کە گیراوان و ئەوانەی لە سەر شاخەکان ماون -گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان- بگەڕێنەوە ماڵەکانیان و بتوانن کاری سیاسی بکەن. ئەو وتەیەی کە «ئێوە چەك دانێن و ئێمە مافەکانتان پێ دەدەین» سووکایەتیکردنە بە کوردەکان. بە داخەوە دەوڵەت تەنیا لە چەك دانان تێ دەگات».

کە وابوو کۆسپەکانی سەر ڕێگای ڕەوتی ئاشتی زۆرن، و تا گەیشتن بە چارەسەریەکی ڕاستەقینە ڕێگایەکی دوورودرێژ لە بەردەم لایەنەکانی دانووستانکارە، (هەرچەند کە داوودئۆغلۆ سەرۆك وەزیری تورکیە ڕایگەیاند کە تا بەر لە هەڵبژاردنەکانی تورکیە، ئێمە ڕەوتی ئاشتی بە ئەنجام دەگەیەنین).

بێگومان هیوای هەموو لایەنگرێکی یەکسانی و ئارامی و تەناهی لە ناوچەکەدا ئەوەیە کە حکوومەتی تورکیە وەك کاربەدەست و دەسەڵاتدارانی پێشوو، ئامانجی لە وتووێژکردن زەربەلێدان و سەرکوتی شۆڕشی گەلی کورد نەبێ، چونکە نە دەسەڵاتدارانی پێشوو بە سەرکوتی هێندێك لە شۆڕشەکانی کورد توانیان کۆتایی بە شۆڕش و خەباتی ڕەوای کوردستان بێنن و نەش گەلی کورد لەم سەردەمەدا ئەوەندە لاواز و بێ پشتیوانن کە ئەوان بتوان بە سیاسەتی فریودان و سەرکوت، کۆتایی بە شۆڕشی کورد بێنن.

لەم سەردەمەدا ئیتر تەنیا شاخەکانی کوردستان نین کە کورد بپارێزن، بەڵکوو لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا کورد وەك پێشەنگی خەباتی دژی تیرۆریزم دەناسرێ و پشتیوانی لێ دەکرێ، هەربۆیەش تەنیا ڕێگای گەڕاندنەوەی ئاسایش و تەناهی بۆ تورکیە، ئەمەیە کە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد بکرێتە پرۆژەیاساییێك لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیداو ئیتر هیچ حیزب و لایەنێکی سیاسی نەتوانێ لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە پرسی کورد پێناسە بکات، چونکە چارەسەرکردنی پرسی کورد لە بەژەوەندیی کورد و حکوومەتی تورکیە و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندایە.



# بازەکانی لایەنگری ئیسراییل
# باڵیان بە سەر درێژبوونەوەی ماوەی وتووێژەکان لەگەڵ ئێران کێشاوە

**و: کەیهان یووسفی**

واشنگتۆن دوای کۆتایی هاتنی یەك حەوتوو دانیشتنی چڕ، دڵنیا بووە لە شکستی وتوێژەکانی ئامریکا و ٥ زلهێزەکەی دیکە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی گشتگیر لەبارەی پرۆگرامی ناوکی ئێرانەوە لەگەڵ ئەم وڵاتە، لایەنگرانی ئیسراییل و کۆماریخوازە ڕادیکاڵەکان هاواریان لێ هەستاوە کە واشنگتۆن دەبێت ئاستی گوشارە ئابوورییەکان لە سەر تاران تەنانەت لە ئەگەری بەردەوامبوونی وتوویژەکانیشدا بباتە سەرێ و مافی ڤێتۆ کردن بە کۆنگرە لە ئەگەری هەر ڕێککەوتنێکی کۆتاییدا،دەدەن.

جان مەك کین، لیندسی گراهام و کیلی ئایۆتی، سێ ڕێبەری بازە کۆماریخوازەکان ماوەیەکی کەم دوای ڕاگەیاندنی بەیانییەی کۆتایی دانیشتنی ڤییەن لەبارەی درێژەکردنەوەی ماوەی وتوێژەکان تا یەکەمی مانگی جوولای ٢٠١٥، ڕاگەیاندراوێکیان بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتووە: «ئێمە لەو گەمارۆ ئابوورییانە کە کۆنگرە پەسەندی کرد و بە شێوەی یاسایی سەرۆك کۆمار واژۆی کرد، پشتیوانیمان کردووە و ئەمەش جیا لەو گەمارۆیانەیە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دژی ئێران بە کاری هێناوە.»

ئەو سێ سێناتۆرە وتبوویان کە: «ئەم گەمارۆیانە گوشاری ئابووری زۆتر دەخاتە سەر ئێران و یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکان کە ئەمڕۆ ئێرانییەکان لە سەر مێزی وتوێژ دانیشتوون، کاریگەرییەکانی ئەم گەمارۆیانەیە.»

«ئەگەرچی ئێمە لەو باوەڕەداین کە درێژکردنەوەی ماوەی وتوێژەکان دەبێت زۆرتربوونی گەمارۆکانیشی لەگەڵدا بێت و هەر چەشنە ڕێککەوتنێکی نێوان ئامریکا و ئێران بۆ پەسەند کردن دەبێت بنێردرێتە کۆنگرێس. هەر ئەندامێکی کۆنگرێس دەبێت ئەو دەرفەتەی هەبێت کە ڕوانگەکانی خۆی لە بارەی ڕێککەوتنی کۆتاییەوە دەرببڕێ و دەنگی خۆی لەبارەی گەورەترین بڕیاری سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەوە ڕابگەیەنێت.»

ئەم ڕاگەیاندراوە لانیکەم لە لایەن یەکێك لە پاڵێوراوە هاوشێوەکانی کۆماریخوازانەوە کە بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری ساڵی ٢٠١٦ خۆی دەپاڵێوەرێت، دەکات، ڕەنگ دەداتەوە.

مارکۆ ڕابیۆ، سێناتۆری هەرێمی فلۆریدا باسی لەوە کردبووە کە: «ئاکامەکانی ئەم خولە دواییەی وتوێژەکان وا دەردەکەوێت کە ڕێبەرانی ئێران هیچ چەشنە مەیلێکیان بۆ پاشگەزبوونەوە لە ملهۆڕی و فرەخوازییە ناوکیەکانی خۆیان نیە.» ناوبراو هەروەها وتبووی کە: «ئێمە هیچ شانسێکمان لە مانگەکانی داهاتوودا نیە، بێجگەی لەوەی بگەڕێینەوە سەر ئەو ڕێبازەی کە سەرچاوەی هێنانی ئێران بۆ سەر مێزی وتوێژەکان بوو.»

سێناتۆرە دێموکراتەکان لە حاڵێکدا ڕایانگەیاندبوو کە هیوایان بە گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی گشتگیر نیە، بەڵام لە درێژکردنەوەی ماوەی وتوێژەکان لە ٢٤ نوامبێری ٢٠١٤ و لە ژێر ناوی گەڵاڵەی هاوبەشی هەنگاوهەڵێنان (JPOA) لە نێوان زلهێزەکانی ٥+١، ئامریکا، بریتانیا، فەرانسە، چین، ڕووسیە و ئاڵمان لەگەڵ ئێران بۆ حەوت مانگی دیکە، بەرگرییان کرد.

ئەم هەڵوێستە پێشتر لە لایەن وەزیری کاروباری دەرەوە، جان کێری کە ٨ دیداری لەگەڵ هاوتاکەی خۆی، جەواد زەریف کردبوو، ڕەنگی دابووەوە. لە ماوەی یەك حەوتووی ڕابردوودا سەرۆکی کۆمیتەی ئیتلاعاتی سێنا، دیانی فێنستین وتبووی کە «هەنووکە ئێران، لە دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی بە



بەراورد لەگەڵ پێش لە دەسپێکی دانیشتنەکان زۆر دوور کەوتۆتەوە.»

ئەو لە بەیاننامەیەکدا وتبووی کە: «من لە هاوکارانم لە واشنگتۆن لێبڕاوانە داوا دەکەم کە سەبریان هەبێت، هەڵسەنگاندنی پێشکەوتنەکان بە وردی وەدیهاتووە. هەر بۆیەش گرووپی وتوێژی ئامریکا لەم کاتەدا ئامادەیی کامڵی هەیە و ئەوان پێویستیان بە سەرکەوتن هەیە. شکستی وتوێژەکان بە زەرەری بەرژەوەندییەکانی ئامریکایە و دەتوانێت لەداهاتوودا ناسەقامگیری زۆرتر لەوەی کە لە ناوچەدا هەیە، بخولقێنێت.»

لە لایەکی دیکەوە جان بۆینێر، وتەبێژی کۆماریخوازان لە کۆنگرێس وتبووی کە درێژکردنەوەی ماوەی وتوێژەکان تەنیا بە ئیدارەی ئۆباما ئەو ئیزنە دەدات کە ئیمتیازی زۆرتر بداتە ئێران.

سێناتۆری پلەبەرزی کۆماریخوازان لە کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سێناش وتبووی کە کۆنگرێس دەبێت هەڵسوکەوتێکی دیاریکراو لەگەڵ مەسەلەی وتوێژەکاندا بکات و دەبێت ئاڵترناتیڤێك ئامادە بکات کە گەمارۆی توندتر دژی ئێران لە خۆ بگرێت. ئەو هەروەها وتبووی کە من لە سەر ئەو باوەڕەم کە بەردەوامبوونی وتوێژەکان لەگەڵ ئێران ئاکامێکی خراپی بەدواوە دەبێت کە تەنیا دەتوانێت ببێتە هۆی ناسەقامگیری لە ناوچە و جیهاندا.

زۆربەی شرۆڤەکان لەو باوەڕەدان کە کەلێنی دەرگیر لە وتوێژەکان بەدەفرایەتی و قەبارەی پیتاندنی ئۆرانیۆمی پرۆگرامی ناوکی ئێران و بە تایبەت ژمارەی سانتریفیۆژەکان و ئیزن دان بە پشکنینە نێونەتەوەییەکان لە ماوەی ئەم ساڵانە دەگرێتەوە کە پرۆگرامی ناوکی ئێرانی بە شێوەیەکی بەرچاو سنووردار کراوە.

رابێرت میدنێز، سێناتۆری کۆماریخوازی ئەندامی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سێنا وتبووی کە مەیلی هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی گەمارۆکان لە سەرەتای ئەمساڵەوە لە سەر مێز بووە، ئەو ئیددیعای کرد کە هەوڵەکانی ئیدارەی ئۆباما ناتوانێت سەرکەوتوو بێت و ئاماژەی بەوەدا کە من لە دوو بەریانی دیپلۆماسی و گوشار لە خولەکانی داهاتوودا پشتیوانی دەکەم.

کۆمیتەی پەیوەندییەکانی ئیسرایلی ئامریکاییەکان (AIPAC) کە گرووپی لۆبیگەری ئیسراییلیەکان ڕێبەری دەکەن، ڕۆژ دووشەمە وتبووی کە «یاسای نوێی گەمارۆکان، بە تاران ئەو ئیزنە دەدات کە تێبگات لەگەڵ گوشاری زۆرتر بەرەوڕوو دەبێتەوە ئەگەر لە پرۆگرامی دروستکردنی چەکی ناوکی خۆی دەس هەڵنگەرێت.»

گرووپی کاریی دامەزراوەی کاروباری ئەمنیەتی نەتەویی (JINSA) بە سەرۆکایەتی دێنیز ڕووس، جەختی لە سەر گوشارە ئابوورییەکان کردەوە و وتبووی کە جێ پەسەندتر بۆ واشنگتۆن ئەوەیە کە چەکی زۆرتر بۆ هێرش بۆ سەر ئێران بە ئیسراییل بدات.

ڕادیکاڵە کۆنەپارێزە نوێکانی کۆمیتەی فریاکەوتن بۆ ئیسراییل (ECI) بە کونگرێسی وتبووی کە نە تەنیا دەبێت یاسای گەمارۆ نوێیەکان بەڵکوو دەبێت دەسەڵاتی ئۆباما لە سنووردار کردنی گەمارۆکان سنووردار بکرێت.

(ECI) هەروەها ئەوەشی زیاد کرد کە هیچ خاڵێکی بنەڕەتی بۆ حەوت مانگ چاوەڕوانی بۆ شکستێکی دیکە یان درووستتر بۆ ئالوێرێکی ترسناك بوونی نیە. کۆنگرێس دەبێت هەر لە ئێستاوە خۆی بۆ بەکارهێنانی گەمارۆی زۆرتر ئامادە بکات و هێڵە سوورەکان دیاری بکات کە بتوانێت ئێران لە دەستڕاگەیشتن بە توانایی سەربازیی ناوکی دوور بخاتەوە. لە کۆتاییدا وەها یاسایەك دەبێت دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار بۆ لە بەرچاونەگرتنی گەمارۆکان، سنووردار بکات، دەسەڵاتێك کە پێشتر سەرۆك کۆماری هان دەدا کە هەوڵێکی شەرمێون بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ مەلاکان بەکار بێنێ.

سەرچاوە:

http://www.mintpressnews.com/

http://www.reuters.com/

# ئامانج لە نەهێشتنی نیهادە مەدەنییەکان لە ئێراندا چیە؟

**شەماڵ تەرغیبی**

یەکێك لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نیزامێکی خەڵك سالار و دێموکراتیك بە بەراورد لەگەڵا سیستەمە دژە خەڵکی و دیکتاتۆرییەکان بوونی نیهادگەلی مەدەنییە کە بە هۆی بەشداریی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بێ لە بەرچاو گرتنی پیشە و کار و چین و توێژ، وەکوو سەرچاوەیەکی گرینگ بۆ سەرمایەی کۆمەڵایەتی بە ئەژمار دێن. نیهادگەلێکی وەك یەکیەتییە پیشەییەکان، باشگا وەرزێشیەکان، ئەنجۆمەنی گەڕەکەکان یان ئەنجومەنێکی خوێندکاری. ئەم نیهادە خەڵکی و مەدەنییانە وێڕای چڕکردنی تەکوزییەك لە نێوان سەرمایە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانین بە شێوەی ناڕاستەوخۆش پێوەندییان بە دەوڵەتەوە هەبێت و بەم شێوەیە چەشنێك لە یەکگرتوویی لە نێوان خەڵك و حکوومەتدا سازبکەن کە ئاکامەکەی دەبێتە سەقامگیری سیاسی. کەواتە کۆی ئەو دامەزراوە و نیهادانەی نێو کۆمەڵگا کە کەوتونەتە نێوان حکوومەت و شارۆمەندان بریتین لە نیهادە مەدەنییەکان. کە بە گشتی چەند ئامانجی سەرەکی دەپێکن:

١ـ بەهێزکردن و بردنە سەری ئاستی شوناسی نەتەوەیی. ٢ـ ئاسانکاری لە دۆزینەوەی شوناسی کۆمەڵایەتی. ٣ـ هەوڵدان بۆ لێك نزیکردنەوەی چینە کۆمەڵایەتییەکان. ٤ـ هێنانی کۆمەڵێك لە پێداویستی و چاوەڕوانییە فەرهەنگی، سێنفی و کۆمەڵایەتییەکان. ٥ـ بردنە سەری ئاستی نەخش و دەوری ئەندامان بۆ دۆزینەوەی تاکەکەسی.

کەواتە بوونی وەها نیهادگەلێك بەو هۆیەوە کە بە ئامانجگەلێکی دیاریکراو دادەمەزرێن و دەتوانن هێزە مرۆییەکان (سەرمایە کۆمەڵایەتییەکان) لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا ڕێکبخەن دەتوانێ بۆ وەپێشخستنی کۆمەڵگا لە ڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و زانستی بەکەڵك و پڕقازانج بن. لە لایەکی دیکەوە کاریگەری ئەم نیهادە مەدەنییانە لە باری سیاسی و بۆ گۆڕین یان پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە حکوومەتدا جێگەی تێڕامانە کە زۆربەی شارەزایانی ئەم بوارە ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١١ی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و پرسی بەهاری عەرەبی بەم لایەنە دەبەستنەوە. بە واتایەکی دیکە سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکان لە میسر و لیبی و تونس و گۆڕینی سیستمی سیاسی لە وڵاتانەوە پێکهاتنی ئاڵوگۆڕەکان لە وڵاتانی عەرەبی کەنداو بەشێکن لە دەرنجامەکانی کارتێکەری نیهادە ناحکوومەتییەکان. هەر بەم پێیەش دەبێنین لەو وڵاتانەدا کە خاوەنی سیستمی سیاسی پاشایەتی، تاکە حیزبی و ئیدئۆلۆژیکن بەرهەڵەستبوونەوەی ئەو نیهادانە زیاتر و بەرچاوترن. ئەوەش بەو هۆیەوەیە کە حاکمیەت لەم چەشنە وڵاتانەدا، هیچ چەشنە ڕەواییەکی یاسایی و خەڵکییان بە مانای ڕاستەقینە نییە و هەموو ئەو نیزامە سیاسییانە لە چوارچێوەی بیرکردنەوەی تاکێکی دیاریکراوەدا هەڵدەسووڕێت و لە ڕاستیدا هەموو ڕواڵەت و تاکەکانی نێو وەها دەزگایەك تەنیا بۆ ڕاگرتن و پاراستنی شەخسی یەکەم کار دەکەن. هەر لە سەر ئەو ئەساسەش ئەو چەشنە وڵاتانە خاوەنی هەڵبژاردنی یاسایی، شایستە سالاری، نۆخبەگەرایی، ئازادییە تاکەکەسی و گشتییەکان نین کە بۆ چەند پیشاندەری بەرچاوی سیستمێکی دێموکراتیك و خەڵکی بەئەژمار دێت.

**باردۆخی نیهادە مەدەنییەکان لە ئێراندا:**

کۆمەڵگەی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا هەڵگری پرۆژەیەکی کاڵ و ناتەواو لە نیهادە مەدەنییەکانە. سەرەڕای چوونە سەری ژمارەی دانیشتووانی شارنشین، چوونە سەری نرخی خوێندەواری، چوونە سەری ڕێژەی خوێندڤان و خوێندکاران، بە سەنعەتی بوونی زیاتری ئابووریی و کەم بوونەوەی بەشی کشتوکاڵ لە ئابووریی و گەشەکردنی ژێرخانە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان کە سەرجەم بواریان بۆ گەیشتن بە دنیایەکی نوێ و مۆدێرن بۆ ئێران خۆش کردووە بەڵام هێشتا کۆمەڵگای ئێران نەیتوانیوە حکوومەتێکی دێموکراتیك ئەزموون بکات یان لانیکەم مافە مەدەنی و شارۆمەندییەکان بۆ هاووڵاتییانی خۆی دابین بکات. هەتا ئێستاش خەڵك و گەلانی ئێران بە دوای دادوەرییەکی سەربەخۆ، پارلمانێکی سەربەخۆ کە بە دەنگی متمانەی خەڵك دامەزرابێت، دەوڵەتێکی دێموکراتیك کە مەیلی گەشەکردنی تێدا بێت، سیاسەتەکانی لە ڕاستای بەرژەوەندی و خۆش بژێوی خەڵك بێت و مافی دیاریکردنی چارەنووس و ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی تێدا بەدی کرابێت، دەسووڕێنەوە.

بەداخەوە لە ئێستادا نیهادە مەدەنییەکان لە ئێراندا بە یەکێك لە ئامانجەکانی ڕێژیمی تاران بە ئەژماردێت کە بەردەوام دەکەوێتە بەر پەلاماری دڕندانە و بە گرتن، لێدان و ئێعدامی چالاکانی ئەم بوارە یان پلۆمپ کردن و داخستنی ئەو نیهادانە پێش بە چالاکییە خەڵکییەکان دەگرێت. جگە لەمەش ڕێژیم بەردەوام هەوڵ دەدات کە ئەم چەشنە ڕێکخراوە و نیهادە ناحکوومەتییانە بکێشتە ژێر ڕکیف و هەیمەنەی خۆی تاکوو بە پێی ویست و خواستی ئەو چالاکی بکەن. بۆ نموونە لە حاڵێکدا کە تەنیا ١٩٧ ئەنجومەنی زانستی و ١٣٦ دامەزراوەی ئابووریی و ٥ هەزار دامەزراوەی کرێکاریی لە ئێراندا بوونیان هەیە لە بەرانبەردا ٥٢ هەزار دامەزراوەی دینی و ٨ هەزار ئەنجومەنی بە ناو خەیرییە دامەزراون. ڕوونە بە بڕیار و لە ژێر چاودێری نیهادە تەبلیغی و سەربازی و ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمدا کار دەکەن کە بەم پێیەش نابێ چاوەڕوانی گەشەکردنی سەرمایە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگایی ئێران بن.

بە گشتی بەهێز بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی پێویستی بە پێداچوونەوەی یاساکان و لابردن و نەهێشتنی یاسا و ڕێساکانی کۆماری ئیسلامییە کە ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیەکانی سنووردار کردۆتەوە هەیە. هاوکات بیچمگرتنی کەرتی تاکەکەسی، ئازادی ئاکادێمێك، بردنە سەری ئاستی زانیاری هاوڵاتیان و پەرسەندنی ڕەوتی گەیاندنی زانیارییەکان و کاری میدیایی دەتوانین لەم ڕاستایەدا دەورێکی کاریگەریان هەبێت. بەڵام ئەگەر ئەم پێش مەرجانە جێبەجێ نەکرێن ڕوانینی گوڵخانەیی NGO و نیهادە مەدەنیەکان، هەمان چارەنووسی بە دواوە دێت کە تاکوو ئێستا بینیومانە. هەرچەند کە کۆمەڵگەی مەدەنی ئێران هەنووکە بە لاوازی و سەرکوتکراو بوونی هەیە بەڵام وەك عادەتی باوی نێو نیزامە دیکتاتۆرییەکان لە ژێر پێستی شارەکاندا درێژە بە ژیانی خۆی دەدات. کەواتە تا ئەو کاتەی کە ئامراز و کەرەستەکانی سەرکوت بە شێوەی ئاسایی لە ئێختیاری حاکمانی ئێستادا بێت ناتوانین چاوەڕوانی ئەوەبین کە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و نیهادە مەدەنییەکان نەخش و دەورێکی کارا و چالاکیان هەبێت.



کوردستان




# چەند پارچەیی کوردەکان لە نێوان ئێران و تورکیەدا؟




**و: حەسەن ساڵحزادە**

هەر چەند ویست و داخوازییەکانیان هیچ کات بە ڕوونی نەناسراوە، بەڵام ئەمڕۆ گەلی کورد لە عێراق و سووریە دژی ڕێخراوی دەوڵەتی ئیسلامی، بە تایبەتی لە جوگرافیای کۆبانێ لە بەرەیەکی خەباتدان. پشتیوانی هاوچەشنی ڕواڵەتی ڕۆژاواییەکان ناتوانێ بە باشی کار و کردەوە شوێندانەرەکانی ئەوان دەربخا. ئێران و تا ڕادەیەك تورکیە بەرەی دژە کوردیان ساز کردووە و بەردەوام بەرهەڵستی مافەکانیان دەبنەوە. لە هاوینی ٢٠١٤وە فەزای کورد، چالاکی دیپلۆماتیك و میدیاکانی بە خۆیەوە بەستۆتەوە. لە عێراق و لە سەرەتای مانگی ژووەن، پاش داگیرکرانی مووسڵ لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامی و هاوپەیمانە باوەر پێکراوە سوونییەکانییەوە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆتە ئامانجی پێگەیەکی نوێی نێونەتەوەیی. دەسەڵاتی بەغدا پاش شکستی لە باکووری وڵات و شکستی دووهەمین شاری عێراقییەکان، بێجگە لە هەوڵگەلێکی نەزۆك چی دیکەی پێ نەکرا. لە بەرانبەردا، شکستی سەربازیی کورد لە نێوان مانگی ئاگۆست بە هۆی هێرشی نوێی عەشیرەتەکانی لاینگری ئەبووبەکر ئەلبەغدادی، وەڵامێکی لە جێی بۆ وڵاتانی ڕۆژاوایی و لە سەرووی هەموانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە دواوە بوو. کارەساتی ئێزەدییەکان لە ناوچەی شەنگال، کۆچی مەسیحییەکان لە نێو جەرگەی پارێزگای نەینەواوە بۆ ناچەکانی ژێر دەسەڵاتی کورد و پێشڕەوی ڕێخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بەرەو هەولێری پێتەختی هەرێمی کوردستان، بوونە هۆی جموجۆڵی چاوەڕواننەکراوی دروست بوونی بەرەیەکی بەرینی دژی داعش کە هەر یەك بە پێی خۆی بەشداری تێدا کرد. بۆمبارانی هەوایی، پاراستنی خێرای ناوچە کورد نشینەکانی لێکەوتەوە، بە ڕادەیەك کە پێشمەرگە توانی لە گواستنەوەی ڕاستەوخۆی چەك و پرۆگرامگەلێك کەڵك وەربگرێ کە لایەن ڕاوێژکارانی ئەمریکاییەوە ڕێخرابوون. سێ ناوچەی کوردنشینی سووریە لە سەر سنووری تورکیە هەڵکەوتوون. لە مانگی ژووئیەی ٢٠١٢وە ئۆتۆنۆمییەکی کرداری لە کاتی کشانەوەی ڕێژیمی دەمیشق لە باکووری وڵات سەقامگیر بووە. ئەم ناوچە دیاریکراوە بە هۆی هێرشی ڕێخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە مانگی سێپتامبردا کەوتۆتە بەر مەترسی و ئەوان بە شێوەیەکی تەواو جیاواز، وەك ناوچەی عەفرین لە باکووری ڕۆژاوای سووریە و ناوچەی جەزیرە لە باکووری ڕۆژهەڵات، شاری کوبانێیان کردۆتە ئامانجی هێرشەکانیان. شاری کۆبانێ بۆ ماوەی ٢ساڵە لە لایەن پارتی یەکگرتووی دیموکراتیك (PYD) وە ئیدارە دەکرێ.

بە یارمەتی پەیمانێکی سیاسی و ئارام کە لە نێوان ڕێژیمی بەشار ئەسەد و خەباتکارانی پارتی یەکگرتووی دیموکراتیکدا چێ کرا، PYD توانی خۆی بە سەر ئەو ناچانەدا بسەپێنێ کە کوردەکانی تێدا نیشتەجێن. PYD و YPGدوو بەشی ناوچەیی پارتی کرێکارانی کوردستان واتە PKKن. PKK لە ساڵی ١٩٨٤ وە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیە لە شەردایە، ئەگەرچی ئاگربەستی ٢٠١٣ لە جاران زیاتر پێویستی بە سەرنجی زیاترە.

### براوەی گەمەی نەوت

دوور خستنەوەی کوردەکانی سووریە لە بازنەی سیاسی و بە تایبەتی CNKS (کۆنسەی نەتەوەیی کوردەکانی سووریە) کە نێزیك بە بەرێز بارزانین، لە نێوان چوار لایەندا خۆیان چوارقاش دەبیننەوە. لە لایەك ئوپۆزیسیۆنی عەرەبی سەرەڕۆی سووریە،CNKS بە ناسیۆنالیست پێناسە دەکا، دەوڵەتی ناوەندی هیچ کات بەهای بە داخوازییەکانیان نەداوە، هەروەها PYD و PDKش دوو خوێندنەوەی دژ بە یەك و جیاوازیان لە هەمبەر ئەواندا هەیە. رکابەریی و چاولێکەری حیزبەکان هان دەدەن کە هەر یەك بە جۆریك بەو دەژبەرانەوە بلکێن کە لە جەریانی شەر و ململانێکانی ناوچەدا سەریان لە نێو گەمەکەدا هەڵداوە. PDK بەشی وزەی کوردستانی عێراقی لە دەستدایە و بە باشی ئاگاداری ویست و داخوازی تورکەکانە. ئەو دەیەوێ بە هەناردە کردنی مەوادی نەوتی لە ژێر کۆنترۆڵی بەغدا دەربچێ و سەربەخۆییەکی ناوچەیی دەستەبەر بکا. لە نێو دژبەرانی حکومەتی ناوەندی و دەسەڵاتی شیعەی جەنابی نووری مالکی،PDK خۆی لەو سیاسەتوانە سوننی‌یانە نێزیك دەکاتەوە کە لە ئوپۆزیسیۆنی سوورییەوە نێزیکن و لە لایەن تورکیەوە پشتیوانی دەکرێن. لە بەرانبەردا PKK و هاوڕیزەکانی وەك نەیاری لە مێژینەی ئانکارا، زیرەکانە پێوەندی خۆی لەگەڵ ڕێژیمی سووریە پاراستووە . PKK بە هاوکاری و پشتیوانی ئێران ئاشتینامەیەکی کاتی واژۆ کردووە تا بتوانێ پێوەندییە نیوە فەرمییەکەی لەگەڵ بەغدا وەك خۆی بهێڵێتەوە. بەم جۆرە لە نێو کەش و هەوای کوردەکاندا، دوو جەمسەر زەق بوونەتەوە، یەکیان نێزیك لە تورکیە و بە ڕێبەری PDK، ئەوی دیکەشیان نێزیك لە ئێران و بە ڕێبەری PKK. ڕکەبەرەکانی جەنابی بارزانی بە تایبەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (UPK)، بە ڕادەیەکی بەرچاو خۆ لە جەمسەری دووهەم نێزیك دەکەنەوە. UPK ش وەك PYD زۆر بەرژەوەند خوازانەتر لە PDK خۆیان بە تاران و بەغدا نیشان دەدەن. ئەم سازوکارەش لە دوای ئاگر بەستەکەی نێوان PKK و تورکیە لە چاو ساڵی ٢٠١٣زیادی کردووە.

### ئۆگری و مەرامی جیهادییەکان

ئەو تەشکیلاتە سیاسی و سەربازییە نائایینییەی کە بە سەر ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا حکومەت دەکەن، ناتوانن نوێنەری تێکڕای ئەو جەریانە سیاسیانە بن کە لەوێوە سەر هەڵدەدەن. بەشی هەرە زۆری سوونییەکان بە هیچ شێوەك ڕازی نین کە ئەم گەلە بە ڕەچەڵەك هیند و ئورووپاییە، لە هەمبەر هێرشی ئیسلامییە بناژۆخوازەکان یان مەرامی جیهادییەکاندا بپارێزن. لە کورستانی عێراق، هەتا سەرەتای ساڵەکانی ٢٠٠٠، ناوچەی هەڵەبجە پەنای بە گرووپە جیهادییەکانی چەکداری کورد دابوو. ئەو گرووپانەی کە پێشوازیان لە سەرۆکی ئەودەمی ئەلقاعیدەی عێراق واتە ئەبوو موسعەب ئەلزەرقاوی کرد کە لە ساڵی ٢٠٠٦دا کوژرا. بەرەی نوسرە وەك ڕێخراوێکی دەوڵەتی ئیسلامی، بەشێکی گرینگی هەوڵەکانی خۆی بۆ بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ کوردەکان تەرخان کردووە. هەر ئێستا لە نێو ڕیزەکانی دەوڵەتی ئیسلامیدا ئەفسەرانێکی پلە بەرز دەبینرێن کە بەشداری شەری کوبانێ دەکەن. «مانگنامەی لوموند دیپلۆماتیك، نۆڤامبری ٢٠١٤»

# نایەکسانی بەرهەمی ئابووریی ڕانتیی ئێران



**فەرهاد سولێمانپوور**

نایەکسانی بریتییە لە چەشنێکی نادادپەروەری یان ڕەفتاری نادادپەروەرانە. یان بریتییە لە لێکنەچوویی. ئەگەرچی لەوانەیە ئەو دوو پێناسەیە لە هێندێ ڕووەوە لە یەك بچن بەڵام واتایان جیاوازە. لێکنەچوویی خەڵك لە ڕووی ڕواڵەت و توانا و ئاستی هۆش و زیرکییەوە شتێکی سروشتییە. بەڵام ڕەفتاری نادادپەروەرانە دەستکردی خەڵکە و لە مێژە بۆ نەهێشتنی هەوڵ دەدرێت. نابەرابەری ئابووریش واتە نایەکسانی لە داهات و ساماندا. داهاتی هێندێ کەس بەرزە و هێندێکی تر کەم. هۆکاری نایەکسانی لە داهاتدا دەگەڕێتەوە بۆ لێهاتوویی و شارەزایی لە کار، دژواری و ئاسانی کار، جۆری کارەکە و هۆکاری تر. هێندێك بە هۆی میرات، شارەزایی و لێهاتوویی، بەخت و شانسەوە سامانیان زیاترە لە هێندێکی تر. ئەگەر نایەکسانی لە چوارچێوەی سیستەمی ئازادی ئابووریدا بگەڕێنەوە بۆ ئەو هۆکارانەی سەرەوە، بە شتێکی سروشتی دادەنرێ و ئەگەر جگە لەمە بێت ئەوا ناسروشتییە.

ئاستی نایەکسانی لە وڵاتانی جیهانی سێهەم و بە تایبەتی نادیمۆکراتیکدا زۆر بەرزە. لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا خەڵك دەناڵێن بەدەست ئەو نایەکسانیانانەی کە دەسەڵاتداران بەرهەمهیان هێنانەوە، واتە ڕەفتاری نادادپەروەرانەی چینی دەسەڵاتدار. ئێرانیش وەك وڵاتێکی جیهانی سێهەم و نادیمۆکرات بەدەر نییە لەم حاڵەتە.

لە ئێراندا گروپێك دەستی گرتووە بەسەر سیاسەت، جومگە سەرەکییەکانی ئابووری، سەرچاوە دەگمەنەکان، ئیمتیازە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی وەك سامان، هێز، دەسەڵات و پێگە گرنگەکانی کۆمەڵگا، کە ئەمەش وایکردوە ئەو کەسانە لە ڕووی ماف، دەرفەت، پاداش و ئیمتیازەکانەوە جیاواز بن لە زۆرینەی کۆمەڵگا. نایەکسانی لە ئابوورییە پێشکەوتووەکاندا کەمترە لەو ئابوورییانەی نێونجی داهاتیان مامناوەندە. بەپێچەوانەی پێشبینی سۆسیالیستەکان کە پێیان وابوو سیستەمی سەرمایەداری دەوڵەمەند دەولەمەندتر دەکا و هەژاریش هەژارتر، کەچی ئابووری تێکەڵاو تا هاتووە بووەتە هۆی یەکسانی زیاتر. هیچ کۆمەڵگایەك نییە کە جیاوازی چینایەتی تێدا نەبێت. بەڵام ڕێژەی جیاوازییەکەیە کە گرنگی ئەدات بە باسەکە. جیاوازی چینایەتیەی لە ئێراندا ٣٠ هێندەیە و لە هیچ شوێنێکی جیهاندا ئەمە بەدی ناکرێت. ئەگەرچی ئامارەکان لە وڵاتانی نادیمۆکراتدا جێی متمانە نیین بەڵام تا ڕادەیەك ڕاستییەکەیان خستوەتە ڕوو. عەلی ڕەبیعی وەزیری کاری ئێران ڕایگەیاند: ((نزیکەی ٦ بۆ ٧ ملیۆن دەوڵەمەند کە وەك دەوڵەمەندی بیانی دەچن)) و ((٧ ملیۆن کەسیش کە کەوتنەتە ژێر هێڵی هەژارییەوە و ئاسایشی خۆراکیان لە مەترسیدایە)) لە ئێراندا هەن. بە پێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، لە کاتێکدا خەرجی پێداویستییەکانی دانیشتوانی شارەکان لە ئێراندا ٦ ملیۆن و ٤٤٢ هەزار تمەن بووە لە ساڵی ڕابردوودا، کەچی تێچوونی چینی دەوڵەمەند لەو ماوەیەدا ٨٧ ملیۆن و ٧١١ هەزار تمەن بووە. بەپێی ناوەندی ئاماری ئێران، خەرجی هەر بنەماڵیەکی شاریی لە ئێراندا ١ ملیۆن و ٨٢٢ هەزار تمەنە لە مانگدا، کەچی داهاتی کرێکارێکی دانیشتووی شار لە مانگدا تەنیا ١ ملیۆن تمەنە.

نایەکسانی تەنیا تایبەت نییە بە ئابووری و لایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەگرێتەوە. نایەکسانی سیاسی جێی بایەخدانی زیاترە، چونکە نایەکسانی لە سیاسەتەوە دەسپێدەکاو شۆڕ دەبێتەوە بۆ نێو کۆمەڵگا.

لە ئێراندا کەمینەیەك زاڵە بەسەر زۆرینە و ئەم زاڵبوونە ماف و ئیمتیازی تایبەتی دەستەبەرکردووە بۆیان و بۆتە هۆی نایەکسانی بەرچاو. نایەکسانی سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ دیکتاتۆری، ڕەگوڕیشەی ئیستبداد و سیاسەتی پان فارسیمسی شیعی لە ئێراندا. پانفارسیسم نایەکسانی بۆ نەتەوەکانی دیکە بەرهەمهێنانەوە. بەتایبەتی سەبارەت بە ناوچە غەیرەفارەسەکان ئەم نایەکسانییە زۆر بە زەقی دەرئەکەوێ. بۆ ئێمەی کوردیش نایەکسانی دەکەوێتە چوارچێوەی ڕەفتاری ئیستعماری- ئیستسماریی نێوخۆوە. نادیمۆکراتییك بوونی سیستمی سیاسی ئابوورییەکی دەوڵەتی بێ پرنسیپ و ڕانتی لێکەوتوەتەوە. ڕانت دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا و بە بێ گۆڕانکاری لە پێکهاتەی سیاسیدا زەحمەتە نایەکسانی و کێشەکانی دیکەی ئابووری چارەسەر بکرێن. ڕانت دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی پێکهاتن و شکڵگرتنی کۆماری ئیسلامی. حکوومەتێك کە لە ساڵی ٥٧دا پێکهات و خۆی بە ئاکامی شۆڕشی موستەزعەف دژی موستکبەر دەزانی و بە زەوتکردنی ماڵ وسامانی ئەو کەسانە دەستی پێکرد کە بە تاغووت ناوی دەبردن. بەدەوڵەتیکردنی پیشەسازی و بەرهەمهێنان و بەحکوومی کردنیان، وەك بنیاتی موستەزعەفان، بەشێکی سەرەکی چالاکییە ئابوورییەکان لە کۆماری ئیسلامیدا کەوتە دەست حکوومەت و دەست و پێوەندییەکانی. بەستراوبوونی لە ڕادەبەدەری بوودجە بە داهاتی نەوت، وایکرد بەرهەمداری بەرهەمهێنان کە تایبەتمەندییەکی سروشتی ئابوورییە و ئاکامی هەڤرکێی بازاڕی ئازادە بەلاوە بنرێ و کردی بە بابەتێکی لاوەکی و ڕانتی بەرهەمهێنا. (ڕانت واتە ئەو ماف و ئیمتیازانەی کە لە دەست گروپ و هێندێ کەسدا کۆ دەبێتەوە تا لە ڕێگەیەوە بتوانن بە بێ گوێدان بە کارامەیی و هەڤرکێی ئازاد لە گەڵ خەڵك، داهاتیان وەچەنگ بکەوێ) نزیکایەتییان لە داموودەزگاکانی دەسەڵاتەوە ڕێگەی ڕانتخواری بۆیان خۆش کرد بووە هۆی نایەکسانیی قووڵ لە کۆمەڵگادا. زاڵبوونی دامەزراوە ئینتسابییەکانی وەك شۆرای نیگابان و دەزگای داد و ئینتزامی بەسەر دامەزراوە ئینتخابی و کۆمەڵایەتییەکاندا، هەڤرکێی ڕاستەقینەی سیاسی کورت کردوەتەوە لە نێوان خودیەکاندا و بووەتە لەمپەر لە بەردەم هەر جوولەیەك کە بەرژەوەندی ئەو گروپانە بخاتە مەترسییەوە. ڕانت و ڕانتخۆری لە کۆتایی شەڕی ئێران و عێراقدا بە خێرایی هەڵکشا و لەگەڵ ئاوەڵابوونی دەستی سوپای پاسداران لە چالاکییە ئابوورییەکاندا، ڕەهەندی تازەی لێکەوتەوە و لە ساڵی ٨٤یشدا بە پەکپارچەسازی دەسەڵات گەیشتە لووتکە. نایەکسانی و جیاوازی چینایەتی لە ئێراندا بەرهەمی سیستمی سیاسییە و بە دێموکراتیزەکردن و بازاڕی ئازاد لەوانەیە جیاوازییەکە کەم بکرێتەوە. لە ئێراندا، هەوڵ و تەقەلای ئەو کەسانەی لە دەسەڵاتدان (حکوومەت، ئابووری، سیاسەت، پەروەردە، ڕاگەیاندن...) ناهێڵن نایەکسانی چارەسەر بکرێت.

# نا بۆ وزەی ناوکی، ژیانکردن مافی سەرەکی ئێمەیە

ن: ئیبراهیم قاسمی زاد
و: هیوا میرزایی




پرسێکی زۆر کێشەخوڵقێن کە بووەتە یەکێك لە پرسە گرینگەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی گەورەی جیهان واتە ئامریکا، ڕووسیە، ئینگلیس، چین و ئاڵمان، پرسی بەرنامەی وزەی ناوکی ئێرانە. بەرپرسانی وڵاتانی باسکراو لە بەرزترین ئاستی سیاسی، بۆ هەر بابەتێکی دیکە کە لەگەڵ یەکتر چاوپێکەوتنیان دەکرد، دەپرژێنە کەیسی ناوکی ئێرانیش. گرینگی ئەم پرسە تەنیا بەرتەسك بە ئێران نابێ بەڵکوو زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەم کە لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی وزەی ناوکی هەنگاو هەڵدەگرن بە شێوەیەك لەگەڵ دژایەیی کۆمەڵگای جیهانی بەرەوڕوو بوونەتەوە و یان لەگەڵ سیاسەتی ئیستراتژیکی ئەم وڵاتانە لە پێکۆڵ دان.

ئێران لە چەندین گۆڕەپانی سیاسی جۆراوجۆردا لەگەڵ وڵاتە گەورەکانی جیهان لە پێکۆڵ دایە بەڵام هیچ پرسێکی پێوەندیدار بە ئێران تا ئێستا بەم شێوەیە لە ئاستی نێونەتەوەیدا گرینگی پێ نەدراوە. هۆکار و بنەمای بەرەوڕووبوونەوەی جیهان تا ئەم ڕێژەیە لە هەمبەر بەرنامەی ناوکی ئێران و بەشێك لە وڵاتانی هاوپەیمانی ئەم وڵاتە لە جیهانی سێهەمدا، ناڕوون بوونی بەرنامەی ناوکی ئەوان و ترس لە دەستپێڕاگەیشتنی ئەم وڵاتانە بە چەکی کوشتاری بە کۆمەڵە.

ئەسڵی ئەم گرفتە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٨. لەم ساڵەدا بە دەست پێشخەری وڵاتانی ڕۆژئاوایی کە خاوەن تیکنۆلۆژی ناوکی بوون ڕیککەوتنێك پەسەند کرا کە بە ڕێککەوتنامەی پێشگیری لە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی چەکە ناوکییەکان یان «ئەن پی تی» ناوبانگی دەرکرد.

ئێران بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٣٢٩ دەستی کرد بە بەرنامەڕێژی بۆ دروستکردنی بنکەی ناوکی. بەڵام چالاکی ناوکی وڵات تا ساڵی ١٣٥٣ بە شێوە پچڕ پچڕ و بێ ئیستراتیژێکی ڕوون دەچووە پێش. لەم ساڵەدا بە دامەزراندنی ڕیکخراوی وزەی ناوکی ئێران و واژۆ کردنی بەڵێنامەی دروستکردنی بنکەی ناوکی بوشهێر بەرنامەی ناوکی ڕێژیمی پاشایەتی شکڵێکی جیددی و بەرنامەڕێژی کراوی بە خۆوە دی. ئامانجی ڕاگەیندراوی بەرنامەی ناوکی شا، کەڵکوەرگرتنی غەیرە سەربازی لەم تێکنۆلۆژییە بوو. لەمڕووەوە ئێران لە ساڵی ١٩٥٨ بووە ئەندامی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی (ئای، ئەی، ئی، ئا IAEA) و لە ساڵی ١٩٦٨ ڕێککەوتنامەی بەرهەم نەهێنانی چەکە ناوکییەکانی (ئەن، پی، تی) واژۆ کرد. شا بۆ خونوێنی و نیشاندانی هێز، لە ساڵی ١٩٧٠ ئەم بەرنامە بەرزەفڕانەی خۆی بردە مەجلیسی شۆرای میلی تا بە ناو لایەنی یاسایی بدات بە ڕەوایی بوونی ئەم بەرنامەیە.

لەو کاتەوە تا سەردەمی شۆڕشی خەڵکی ئێران لە دژی حکوومەتی پاشایەتی هەواڵێکی وەها لە چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوە بڵاو نەدەبوویەوە بەڵام لە سەرەتای شۆڕش دژایەتێکی توند لە لایەن لایەنگرانی شۆڕش لەگەڵ بەرنامەی ناوکی و ڕێکخراوی وزەی ناوکی کرا. بیانوێ بەرپرسانی نوێ ئەمە بوو کە ئێران ئۆرانیۆمی پێویست بۆ وزەی ڕاکتۆرە ناوکییەکانی نییە و ئەمە دەبێتە هۆی بەستراوەیی شۆڕش بە ڕۆژئاوا و ئامریکا. بەڵام زۆری نەکێشا کە بیرکردنەوەبەرزەفڕانەکانی دەسەڵاتدارانی نوێ، ئەمجارە بە بیانوێ پەرەپێدان بە شۆڕشی ئیسلامی، سەرلەنوێ چووە سەرەوەی خشتەی بەرنامە ئیستراتژیکییەکانی ئێران. ناردنی شۆڕشیش تەنیا بە هۆی دەسەڵاتی سەربازی، ئابووری، ئیدۆلۆژیکی و دارایی ئەنجام دەدرێ و کاریگەرترین کەرەستەکان بۆ سەقامگیری دەسەڵاتی سەربازی، ڕەنگە دەست پێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی بێ. خاڵێك کە موحسێن ڕەزایی فەرماندەی ئەو کاتی سپای پاسداران، لە ڕەوتی شەڕ لەگەڵ عێراق لە سەرەتاکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی بە عەلی خامنەیی و هاشمی ڕەفسەنجانی وەك سەرکۆمار و بەرپرسی مەجلیس و خومەینی وەك بەرپرسی گشتی هێزەکان پێشنیاری کردبوو.

ئەمجارە ئیتر ئێرانی ژێر دەسەڵاتداریی خومەینی بەشێوەی جیدی لە ڕێگەی تێکنۆلۆژی ناوکی هەنگاوی هەڵێنا. سەرەڕای بنکەی بوشێهر، دەیان پرۆژە و بەرنامەی نهێنی دیکەی دەست پێکرد. بە میلیاردها دولار لە ڕێگەگەلی شاراوە چووە گیرفانی مافیاکانی دەسەڵات لە ڕووسیە و وڵاتەکانی دیکەی بلوکی ڕۆژهەڵات و لە جێگەیدا، بەرنامەی بەربڵاوی ناوکی ئێران لە چەندین ڕێگە و هێندێکجار جیا لە یەکتر دەستی پێکرد. بۆ یەکەمجار لە ڕێکەوتی ٢٠ ڕێبەندانی ساڵی ١٣٨١ محەممەد خاتەمی، سەرکۆماری ئەو کاتی ئێران، هەواڵی بەرهەمهێنانی سووتەمەنی ناوکی لە لایەن پسپۆڕانی ئێرانی بۆ بنکە ناوکییەکانی ئێرانی بڵاو کردەوە. لە مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٣٨٥ مەحموود ئەحمەدی نێژاد سەرکۆمار ئەوکات، ڕایگەیاند کە ئێران توانیویەتی پیتاندنی ئۆرانیۆمی بە ڕێژەی ٣,٥ لە سەد ئەنجام بدات. ئەم هەواڵە، سەرنجی جیهانی بە شێوەیەکی جیددی تر بەرەو بەرنامەی ناوکی ئێران ڕاکێشا.

لە ڕێکەوتی ٢٦ ڕێبەندانی ١٣٩٠ (١٥ فوریەی ٢٠١٢) ئێران هەواڵی بەرهەمهێنانی میلەی سووتەمەتی ناوکی ٢٠ لەسەدی پیتێندراو و دانانی ئەو لە ڕاکتۆری لێکۆڵینەوەیی ٥ مێگا واتی تارانی بڵاو کردەوە. بە بڵاوبوونەوەی هەواڵە یەك لە دوای یەکەکانی چالاکییە ناوکییەکانی ئیچران کە زۆرتر لە پرۆپاگەندەی شەڕخوازانە دەچوو، نیگەرانییەکانی کۆمەڵگای جیهانی لەم بابەتە زۆرتر دەبوو. پەرەگرتنی دژایەتییەکان لە نێوان ئێران و دامەزراوە نێونەتەوەییەکان وەك شۆرای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرئەنجام بووە هۆی چەندین بڕیارنامە لە دژی بەرنامەی ناوکی ئێران و پیتاندنی ئۆرانیۆم. بە پشتبەستن بەم بڕیارنامانە، گەمارۆگەلێکی بەربڵاو لە لایەن ئامریکا و وڵاتانی دیکەی جیهان لە دژی ئێران پەسەند کران. بە دەست پێکردنی گەمارۆکان و ڕاگیرانی بەشێکی گەورە لە سامان و داراییەکانی بەشی دەوڵەتی لە بانکەکانی جیهان و وڵاتانی ڕۆژئاوایی، وڵات لە بواری ئابووری لەگەڵ قەیرانی جیددی بەرەوڕوو بوو. ئەم قەیرانە کاریگەرێکی ڕاستەوخۆی لە سەر بازاڕە نێوخۆییەکان دانا. بە شێوەیەك کە گوزەرانی خەڵك بە شێوەێکی تاقەت پروکێن و خەمهێنەری لێهات.

ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕۆژی سێشەممە ٤ی سەرماوەزی ئەمساڵ، بەردەوامبوونی حەوت مانگی دیکەی وتووێژە ناوکییەکانی بە نیشانەی «لاوازبوونی دوژمن» و «سەرکەوتوو نەبوونی ڕۆژئاوا» لە بە ئەژنۆدا هێنانی ئێران زانی. هاوکات کونگرەی ئامریکا خوازیاری توندترکردنی گەمارۆکان لە دژی ئێران بوو. ئەگەر کەمێك بە وردی و سەرنجێکی زۆرتر بڕوانیینە ڕەوتی وتووێژەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ٥+١، دەبینین کە ڕەوتی وتووێژەکان هەر لە سەرەتاوە بەمشێوەیە بووە. لایەنەکانی وتووێژ دوای هەوڵێکی زۆر ناگەنە هیچ ئەنجامێك و دانیشتنەکان سەرلەنوێ بۆ ماوەیەکی دیار درێژ دەکرێتەوە. دوایین خولی وتووێژەکان دەربڕی ئەم واقعێتەیە.

بەم ڕەوتە، جیا لەوەیکە بیروڕای گشتی جیهان بۆ خولێکی دیکە دەرگیری ئەگەر و شیمانەی دیکە دەبن، پێشڤەچوونێك نایێتە پێش و کۆمەڵگای ئێران هەر وا لە بێ هیوایی، گۆشەگیری و دڵەڕاوکێ بەسەر دەبن. بەڵام ئەمجارە بە هەڵومەرجێك کە لە ناوچەکە و جیهان هاتووەتە پێش، گریمانە و پێش بینیەکانی ڕابردوو، بە شکڵێکی ڕوونتر و دیارتر خۆدەنوێنن، بەرنامەی ناوکی ئێران، لە ژێر پەردەی وتووێژەکاندا بە خێرای خەریکە بەرەو پێش دەچێ و هۆکارگەلێکی ڕوون باس لەم واقعێتە دەکەن کە:

ئەلف: ئێران بە دانی پوان و درێژکردنەوەی وتووێژەکان هەوڵی کڕینی کات دەدا.

ب: ئێران هەوڵی کوشتنی کات، لە ڕێگەی دەسپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی دەدا.

ئێستا پرسیار ئەمەیە کە گەلۆ ئامریکا و گرووپی ٥+١ بەڕاستی لەم پرسە نەگەیشتوون، یان ئەوەیکە ئەوان گۆمانێکیان لە سەربازیبوونی بەرنامەی ناوکی ئێران نییە بەڵام هۆشیارانە لەم کردەوەی ئێران چاوپۆشی دەکەن تا ئێران دەستی بە چەکی ناوکی بگا؟

بۆ ئێران، دەسپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی ئامانجی سەرەکییە، لەبەر ئەوەیکە:

١. ئەگەر ئێران دەستی بە چەکی ناوکی بگا، مانەوەی خۆی لانیکەم هەتا ٣٠ ساڵی دیکە، واتە زیاد لە نەوەیەکی دیکە گەرەنتی دەکا.

٢. ئامریکا و وڵاتانی هاوپەیمانی بە ئاسانی چەك و خزمەتگوزاری و ڕێککەوتنامەی ئەمنیەتی دەفرۆشنە وڵاتانی ناوچە و ئەم کردەوەیە دەبێتە هۆی قەیرانی زۆرتر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

٣. بە تێکچوونی هەر چی زۆرتری باری ئەمنی ناوچە، نرخی نەوت دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە و نەوتی پێویستی ئامریکا بە نرخ و ئەمنیەتێکی زۆرتر دەگوازرێتەوە و لە کۆتاییدا نائارامی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەبێتە بیانۆیەك بۆ بوونی ئامریکا و ڕەنگە ناتۆ لە ناوچە تاکوو ڕەنگە گەڵاڵە هێرشەکانی داهاتوو لە ناوچە بە ئاسانی دابڕێژرێت.

گومانی تێدا نییە کە بەرنامەی ناوکی ئێران دەتوانێ پرسی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئەم وڵاتە لە دەستووری کاری هێزە گەورەکان بهێڵێتەوە. بە پێچەوانە گەیشتن بە ڕێککەوتنی کۆتایی ناوکی مەترسی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی و ڕەنگە هێرش بۆ سەر ئێران کە دەتوانێ دەرئەنجامی پێش بینی نەکراوی بۆ خەڵکی وڵات بەدواوە بێ بە توندی کەم بکاتەوە. هەڵبەت، دانوستان وەکوو معاملە وایە. لە بەرامبەر ڕێککەوتنی کۆتایی، ئێران سەرەڕای پاشەکشێ لە خواستە شەڕخوازەکانی دەبێ دۆخی مافی مرۆڤیش لە بەر چاو بگرێ و ڕەنگە کەوێتە ژێر گوشارەوە کە لە ڕێگەی گۆڕانکارییە سیاسییەکان هەنگاو هەڵبگرێ. بەشێك لەم ڕەوتە دەتوانێ ڕێژیم ناچار بکا کە لە بەرامبەر داواکاری مافی کەمایەتییەکان، نەتەوەکان و ئایینە جۆراوجۆرەکانی وڵاتیش پاشەکشێ بکا، لەبەر ئەوەیکە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی کۆتایی، گرووپگەلێك هەن کە سەرەڕای پرسی ناوکی، پرسی چاکسازی لە پێوەندی لەگەڵ جیهان و مافی مرۆڤیش دێننە بەر باس و لە سەر ئەم پرسە ڕەخنەی جیددی لە سیاسەتەکانی ئێران دەگرن. مافێك کە بە پێی یاسا نێونەتەوەییەکان بە فەرمی ناسراوە. بەڵام بەداخەوە بەو سیاسەتەی کە دەسەڵاتدارانی ئێران گرتوویانەتە بەر، ئەم گریمانەیە مەحاڵ و وێناکردنیشی نەلوواوە. بەرچاوترین نیشانەیشی دەتوانێ قسەکانی حەسەن ڕۆحانی سەرکۆماری ئێران بێ کە دوابەدوای ڕێککەوتن لە سەر درێژەکێشانی کاتی دانوستانەکان، جەختی لە سەر هەڵویستەکانی ڕێبەری ڕێژیم کردەوە و لە ڕاپۆرتە هەواڵێکدا کە بڵاو کرایەوە هەروەك هەمیشە بە بەڵێنی بێ نێوەرۆك ڕایگەیاند کە: « من بەڵێن بە خەڵکی ئێران دەدەم کە دروستبوونی سانتیفیوژەکان ڕاناوەستێ و گوزەرانی خەڵك بەرەو باشتر دەڕوات».

پرسیار ئەوەیە کە سانتیفیوژەکان بە چ شێوەیەك کار دەکەم کە لە لایەك ئیدعای ئاشتی و دانوستان لەگەڵ ئامریکایان هەیە و لە لایەکی دیکە لە هەموو نوێژەکانی هەینی و ڕێوڕەسمە ئایینیەکاندا دروشمی شەڕخوازانەی مەرگ بۆ ئامریکا و مەرگ بۆ ئیسراییل دەڵێنەوە و هەر ڕۆژ ئاستی سەرکوت و کپکردن لە وڵات دەبنە سەرەوە. ئاماری ئێعدامەکان، گرتنی ڕۆژنامەوان و جیابیران بە شێوەیەکی ڕێژەیی دەچێتە سەرەوە. بەم شێوەیە بە دڵنیاییەوە دەکرێ بڵێین کە نە تەنیا چەرخی ناوکی بۆ ماوەیەکی زۆر ناچەرخێت، بەڵکوو چەرخی ژەنگاوی ژیانی خەڵکیش بە گشتی لە کار دەکەوێ. ئازادکردنی مانگانە ٧٠٠ میلیۆن دولار سامانی ڕاگیراوی ئێران لە بانکە جیهانییەکانیش کاریگەریەکی لە باشتربوونی دۆخی خەڵك نابێ. چوونکە پێش لە گەیشتنی بۆ ئێران و سفرەکانی خەڵك، دەبێتە تێچووی دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی جیران وەکوو لوبنان، عێراق، غەزە و یارمەتیدان بە درێژەکێشانی مانەوەی دیکتاتۆری سووریە و گرووپە توندئاژۆیە ئیسلامییەکان.

## جووت حەوت

### هەوراز

ـ قاوەخانەیەك لەو بەرمان هەیە کە خاوەنەکەی دەڵێ هەر لە بنەڕەتەوە لە سەر بنەمای بیری نەتەوایەتی و بۆ خزمەتکردن بەو ڕێبازە دامەزراوە، هەڵبەت ماوەیەك حوجرەی قەقێیان بوو، ماوەیەکیش چەقەخانەی حەزرەتی مارکس و ئایەتوڵڵا ئێنگلس بووە، دواتریش بوو بە تەکیەی شێخ ئەولەسەن، ئێستاش کە سەردەمی پۆست مۆدێرنە و بیستوویانە لە تیۆریخانەی شاخ، نیسکاوی نەزری دەدەن، بۆ دەستکەوتنی پاروویەك نیسکاو دۆ و دۆشاویان تێکەڵ کردووە و قۆڵیان لە دارشتنەوەی سەرلەنوێی مێژووی خۆیان هەڵماڵیوە یان بە واتایەکی دیکە شانیان لە قازانی نیسك شل کردووە و ئێستا مەخۆ، کەی بخۆ؟

هەڵبەت دەڵێن ئێمە لە مزگەوت و مەیکەدە و تەکیە و کاباره و دیوەخان و دیسکۆ، شاعیرگوتەنی دەردمان هەر دەردی کورد بووە و بە ئێسك و ڕەگ و ئێسقانەوە نەتەوەیی بووینە و هەین، هەر بۆیە ئەگەرچی قاوەخانەکەمان کردۆتە جومعەبازاڕی نوێژخانەی زانکۆی تاران، یان بە دەستێك «کاپیتاڵ»ی مارکسمان هەڵگرتووە و بە دەستی دیکە زەرگمان وەشاندووە، یان لە مەنجەڵێکدا فاسۆلیای تەڵقینی مردوومان لەگەڵ پیتزای فەلسەفەی ئانارشیزم و ماتریالیزمی دیالێکتیك پێکەوە کوڵاندووە، یان لە بەر پووڵێکی ڕەش، مەجلیسی شینگێڕیمان کردووە بە زەماوەندی یەك بووك و هەزار زاوا، بەڵام خسڵەتی نەتەوەیی بوونمان لە دەست نەداوە و بۆ کوردمان کردووە و هەموو تاك و لایەنێکی کوردی تا بینەقاقا چەقیوەتە نێو قەرزی کوردایەتیی ئێمە و هەر کەسێکیش گومان لە نەتەوەیی بوونمان بکات، لە سەرەولێژیی قەبردا دەست لە یەخەی ناکەینەوە و لە کۆڵی نابینەوە.

ـ عەلی لاریجانی، سەرۆکی مەجلیس و برای سەرۆکی دەزگای قەزایی و سەرۆکی ستادی مافی مرۆڤ و دوو سێ سەرۆکی دیکەی کۆماری ئیسلامی، ڕایگەیاندووە کە دەیهەوێ حیزب پێك بهێنێ، چوونکە بەو قەناعەتە گەیشتووە کە پێکهێنانی حیزب لە ئێراندا کارێکی باشە. هەڵبەت کاتێك کە لاریجانییەك لە لاریجانییەکان بە کارێك دەڵێ «باش»، مەبەست ئەوەیە کە نانی تێدایە. بەڵام ئەوە بۆ وڵاتانی دیکەیە کە بۆ گەیشتن بە نان یا دەسەڵات دەبێ حیزب پێك بهێنی، نەك بۆ ئێران. لە ئێراندا بۆ گەیشتن بە دەسەڵات پێویست ناکات خۆت لە سەرئێشەی حیزب و حیزبایەتی بدەی، بەڵکوو وەك باوکی لاریجانییەکان تەنیا دەبێ منداڵی زۆرت هەبێت کە پێویستی بە وەرگرتنی مۆڵەتی وەزارەتی ناوخۆ و وەلیی فەقیهیش نییە و هەرکامەیان دەبنە سەرۆکی دەسەڵاتێکی نێو حکوومەت. ئەگەر تۆزێك زیاتر زەحمەتی بە خۆی دابا، بۆ نموونە ئێستا ناوی سەرکۆماریش حەسەن لاریجانی بوو، ناوی وەلی فەیهیش ئایەتوڵڵا سەید عەلی خامنەیی لاریجانی بوو، یان تەنانەت ناوی سەرۆك وەزیرانی عێراقیش حەیدەر لاریجانی بوو.

ـ مەلا فەرەیدوون ڕوحانی ناسراو بە پرێزیدێنت حەسەن، گوتوویە: «سەردەمی توندوتیژی و سەپاندنی دۆخی ئەمنیەتی بە سەر چووە».

پێتان وایە مەلا فەرەیدوون چۆن بەو مەسەلە گرینگەی زانیوە؟

١. « بەرەوسەر چوونی» ئاماری ئیعدامەکان لە سەردەمی «بەسەرچوونی» توندوتیژیدا.

٢. پرژاندنی تیزاو لە نێو چاوی کچانی خەڵك.

٣. چەقۆ وەشاندن لە ژنی خەڵك بە مەبەستی ئەمر بە مەعرووف.

٤. دەستدرێژیی بەکۆمەڵی ٩ پیاو بۆ سەر دوو کچ لە سیرجان.

٥. دەرکەوتنی ئەوی کە زۆربەی ئەو کارانە لە لایەن برادەرانی بەسیجەوە ئەنجام دراون، بەڵام مەرج نیە بەسیج پێی گوتبن.

ـ سەید ئەحمەد عەلەمول هودا، پێشنوێژی هەینیی مەشهەد گوتوویە: «ڕێبەری ئینقلاب بۆ خۆی یەکێك لە ئەولیای خوایە. مادەی ١٨٨ی یاسای بنەڕەتیش ئەمەی پشتڕاست کردۆتەوە».

یەکەم: ئەوەی کە باس لە وەلی دەکات مادەی ٥٧ی دەستوورە نەك ١٨٨.

دووهەم: ئەوەی کە باس لە وەلی فەقیە دەکات، مادەی ١١٠ی دەستوورە نەك ١٨٨.

سێهەم: یاسای بنەڕەتیی ڕێژیم لە بنەڕەتدا ١٧٧ مادەیە، نەك ١٨٨.

چوارەم: یاسای بنەڕەتی کیلۆی بە چەندە؟

# بەردەوامیی بێ ڕێزی و سووکایەتی پلان بۆ داڕێژراو بە نەتەوەی کورد لە ئێران

عارف وەلزی

**بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی دانیشتووان و چەواشەکردنی مێژوو و سڕینەوەی شوناسی نەتەویی و تواندنەوەی فەرهەنگی گەلی کورد، ئەم چوار وڵاتە لە هیچ چەشنە هەوڵێکی هۆڤانە و شۆڤێنییانە دەرێغییان نەکردووە**

مێژووی پڕ هەوراز و نشێوی گەلی کورد سەرەڕای گرتن و کوشتن و ڕاوەدوونانی داکیرکەرانی کوردستان، هەمیشە پڕ و لیپاولیپ بووە لە خەبات و قوربانیدان. ئەگەر زۆر نەگەڕێینەوە دوواوە و هەر لە سەد ساڵی ڕابردووە چاو لەو مێژووە بکەین، دەبینین کە ڕاستە لە هەرچوار بەشەکەی کوردستاندا، هاوکات چوار دەوڵەتی داگیرکەر و خاوەنی جیهانبینیی جۆراوجۆر و هەندێجار دژ بەیەك لەسەربوون و، هەمیشە کێشە و ناکۆکی و ململانێی زۆریان لەنێواندا بووە، بەڵام ئەو خاڵەی کە نەك تەنیا جێگەی ناکۆکی نیوانییان نەبووە و بگرە هەمیشە خاڵی لێك نیزیککەرەوەی ئەم چوار دەوڵەتە بووە، پرسی نەتەوەی ڕاپەڕیوی کورد بووە.

هەر لەم ڕاستایەدا و بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی دانیشتووان و چەواشەکردنی مێژوو و سڕینەوەی شوناسی نەتەویی و تواندنەوەی فەرهەنگی گەلی کورد، ئەم چوار وڵاتە لە هیچ چەشنە هەوڵێکی هۆڤانە و شۆڤێنییانە دەرێغییان نەکردووە و بە شێوەیەکی سیستماتیك و لە بڕگەی زەمەنیی جۆراوجۆردا، دەستییان داوەتە گرتن و کوشتن و قڕکردنی ئەم نەتەوە هەژار و بێدەرەتانە. نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم هەوڵانەش ئەوەیە کە، جگە لە کۆمەڵکوژی و کیمیاباران و ئەنفال و ژینۆسایدی گەلی کورد بە مەبەستی لەناوبردنی شوناسی نەتەوەیی و کەمکردنی ژمارەی دانیشتووانی ئەم نەتەوەیە، ڕاوەدوونان و کۆچ پێکردنی زۆرەملێ لە هەر چوار بەشەکەی کوردستان کە لە کورستانی باشوور و ڕۆژئاوا بە سیاسەتی «تەعریب» و لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە کۆچی زۆرەملێی کوردان بۆ شوێنە جۆراوجۆرەکانی وەك «خۆراسان» و ناوچەگەلی تری ئێران و هەروەها کۆچپێکردنی کوردانی کوردستانی باکوور بۆ شوێنە جۆراوجۆرەکانی تورکیا و تەنانەت دەرەوەی سنوورەکانی ئەم وڵاتە ناسراوە، هەوڵێکی مەترسیداری دیکەی ئەم داگیرکەرانەیە بۆ گۆڕینی دێموگرافیای کوردستان.

وڵاتانی داگیرکەری کوردستان و لەسەرووی هەموویان کۆماری ئیسلامی ئێران کە ئێستا بە سەر کوردستانی ئێراندا زاڵە، یەکێك لەو وڵاتانەیە کە لە مێژووی هاتنەسەرکاری خۆیدا، زۆر دڕندانە دژایەتی گەلی کوردی کردووە و سەرەڕای گرتن و کوشتن و تیرۆر و تۆقاندنی کورد لە ئێران، وەك ستراتێژی درێژخایەن و بە شێوەی جیدی هەوڵی تواندنەوەی فەرهەنگی و مێژوویی یەکجاریی گەلی کوردی داوە. دەسەڵاتی ناوەندگەرای کۆماری ئیسلامی بۆ بەڕێوەبردنی ئەم سیاسەتە دژەمرۆییەی خۆی لە سەرتاسەر ئێران و سەپاندنی فەرهەنگ و کولتوور و زمانی فارس، ناوەندوکانی پەروەردە و فێرکردنی منداڵان و هەروەها ڕێکخراوەکانی سەر بە دەزگا ئەمنییەکان و لە هەموویان گرینگتر کاناڵە ئۆستانیەکانی ڕادیۆ و تەلوزیۆن و دەیان مێتۆدی دیکەی کردۆتە ئامانج، تاکوو پرۆسەی تواندنەوەی نەتەوەکانی ئێران بە باشی ڕێگەی خۆی بپێوێت.

ئەگەر لێی وردبینەوە، دەبینین کە هەر لە کاتی هەڵبژاردنەکان و بەتایبەت دوایین هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێراندا، لە ڕەوتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، حەسەن ڕووحانیی مۆرەی دەستنیشانکراوی ڕێژیم وادەی دامەزراندنی «فەرهەنگستانی کوردی» لە کرماشان و «فەرهەنگستانی تورکیی» لە تەورێز و گەلێك وادە و بەڵێنی تری بە گەلانی ئێرانی دا و بەداخەوە هەر ئەمەش بوو بە هۆی ئەوە کە هەندێك خەڵکی سادە پشتیوانی لە بەناو هەڵبژاردنەکانی ئەم ڕێژیمە بکەن. بەڵام دەرکەوت کە ئەوە تەنیا تاکتیکی هەڵبژاردن بوو بۆ کۆکردنەوەی دەنگەکان و دوواتر هەموو وادە و بەڵێنەکان لەبیر کران و دووبارە دەست کرایەوە بە سیاسەتی سووکایەتی بە فەرهەنگی گەلانی ئێران و لە سەرووی هەموویان گەلی کورد.

تازەترین سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لەم پێوەندییەدا لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا خۆی دەرخست و دیتمان کە چەند جار سەرەڕای بێ ڕێزی کردن بە کەسایەتی، هێما و پیرۆزییەکانی نەتەوەی کورد، بە هەموو شێوەیەك و لە ڕێگەی دەزگا ئەمنییەکانەوە ڕێگری لە هەر چەشنە چالاکییەکی فەرهەنگی و کولتووری و نەتەوی لە کوردستاندا دەکرێت.




نموونەی هەرە تازە و بەرچاوی ئەم هێرش و بێ ڕێزییانە، ناوەندەکانی دەنگ و ڕەنگی مهاباد و ئیلام بوون کە، لە ڕاپرسییەکی ئامانجداری دەنگ و ڕەنگی مهابادا، گەورە هونەرمەندی کورد «مامۆستا حەسەن زیرەك»یان لەگەڵ دوو گۆرانیبێژی فارس زمانیی دیکە خستبوو بەرانبەر یەکتر و ئەمەش بێزاری و مانگرتنی خەڵکی ناوچەکەی لێ کەوتەوە و، لەوەی دیکەیاندا ناوەندی دەنگ و ڕەنگی ئیلام بوو کە ڕاشکاوانە بێ ڕێزی بە زمان و لیباس و بە گشتی فەرهەنگی دەوڵەمەندی کورد دەکا، کە یەکێك لە فەرهەنگە دەوڵەمەند و پاراوەکانی ناوچەکەیە.

یا ئەوەی کە ماڵپەڕ و چالاکانی ئینتێرنێتی سەر بە ڕێژیم، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بە شێوەی سیستماتیك لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هێرشیان کردە سەر پیرۆزییەکانی کوردی ئایینیی یارسان، یا خود ئەوەی کە لە کرماشان ڕێگری لە چالاکییەکی فەرهەنگی چەند چالاکێك کیرا کە، بە هاوکاری خەڵکی ناوچەکە دەیانویست هەوڵی کۆکردنەوەی وشە وچیرۆك و پەندی پێشینان لەو ناوچەیە بدەن و لە مەترسی لەناوچوون ڕزگاریان بکەن.

بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئەمنییەتی و ملیتاریزەکراوی کوردستان و هەروەها نەبوونی و نەدانی دەرەتانی گەشەسەندنی فەرهەنگی و کولتووری بە خەڵکی کوردستاندا و هاوکات هەوڵدان بۆ سووکایەتی فەرهەنگی، نەتەوەیی و ئایینیی گەلی کورد، ئەو ئەرکە مێژووییە دەکەوێتە سەر شانی چالاکانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە نێوخۆ و حیزبە سیاسی و نەتەوییەکانی ئەو بەشەی خاکی کوردستانە کە بە هەوڵە بێوچانەکانییان لە ڕێگای میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت لە ڕێگەی ڕاستەوخۆوە، سەرەتا هەوڵی پووچەڵکردن و نەزۆك کردنی سیاسەتە شۆڤێنییەکانی کۆماری ئیسلامی بدەن و دواتریش لە پێناو لەسەرپێ ڕاگرتنی فەرهەنگ و کولتووی نەتەوەی کورد، لە هەوڵ و تێکۆشان بەردەوام بن.

# توندوتیژی دژی ژنان

شنە ساڵحی

توندوتیژی دژی ژنان بریتییە لە هەر کردەوەیەك کە لە سەر بنەمای ژێندەر بێت و ببێتە هۆی زیانێکی فیزیکی و دەروونی و جنسی، هەروەها هەڕەشەی ئەنجامدانی کردەوەی بەم جۆرە، زۆرلێکردن و ڕێگرتن لە ئازادی چ لە ژیانی گشتی یان تاکەکەسی کە ڕوو بدات.

هەر لە سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان و خواستەکانیان، بەرژەوەندییەکان سەریان هەڵدا، مرۆڤەکان کەوتنە ململانێ لە پێناو بەدەستهێنانی دەسکەوت، بەم جۆرە چەمکی توندوتیژی بە مانا گشتییەکەی سەری هەڵدا و لە ئەنجامی ئەم پڕۆسەدا کەسە خۆپەرست و دەسەڵاتدارەکان خۆیان سەپاند بە سەر کۆمەڵگا و لە دەرئەنجامی ئەوەشدا سیستمی کۆیلەداری لە نێو کۆمەڵگادا هاتە کایەوە.

ئەو توند وتیژیانەی کە لەم سەردەمەدا بەرامبەر مرۆڤەکان ئەنجام دەدرێ بە زۆری ڕووی لە ڕەگەزی مێینەیە.

ئەگەر پیاوان لە لایەن دەسەڵات و خاوەن کارەکانیان دەچەوسێنرانەوە ئەوا ژنان دوو جار ستەمیان لێدەکرا. لە لایەك لە لایەن دەسەڵاتی کۆمەڵگا و لە لایەکی دیکەشەوە لە لایەن خێزانەکانیانەوە، واتە لێرەدا پیاوان تەنیا لە لایەنی چینایەتی دەچەوسێنرانەوە، بەڵام ژنان هەم لە لایەنی چینایەتی و هەمیش لە بواری جنسیەوە دەچەوسێنرانەوە. واتە ژنان لە هەر سێ قۆناغەکانی کۆیلەداری، دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری دەچەوسێنرانەوە و دیل و ژێر دەستەی ئەو قۆناغەی ژیان بوون.

بۆیە دەتوانین بڵێین توند و تیژی دیاردەیەکی نوێ نییە و بەرهەمی سەردەمی بە جیهانیبوون نییە، بەڵکوو لەگەڵ سەرهەڵدانی مێژووی مرۆڤایەتی و هەتا ئەمڕۆش لەم جیهانەدا بە شێواز و ڕێژەی جیاواز بوونی هەر هەیە و وێشدەچێ لە داهاتووشدا لە قەبارە و بیچمی جیاواز و جۆرواوجۆردا بەردەوام بێت.

ئەگەر بمانهەوێ باس لە توندو تیژی لە کۆمەڵگای کوردیدا بکەین هەر وەك سەرجەم کۆمەڵگاکانی دیکە توندو تیژی دژی ژنان بەشێك بووە لە پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایە و ژنان هەمیشە وەکو کۆیلە و ژێردەستە سەیر کراون، چونکە پەیوەندییەکان لە کۆمەڵگای کوردی لە سەر بنەمای خێڵ و عەشیرەت فرچکیان گرتووە و هەر لەسەر ئەم بنەمایەش داڕێژراوە، بۆیە دابینکردن و بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان ڕووبەڕووی ئاستەنگ بۆتەوە و نەیتوانیوە بە شێوەی ئاسایی ماف و ئازادییەکان دەستەبەر بکەن.

لە کۆمەڵگای کوردیدا بە هۆی ئەو داب و نەریت و کولتوورە زاڵەی کە بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگادا چەسپاوە بەردەوام پیاوان خاوەن بڕیار و دەسەڵاتدار بەسەر ژناندا بوونە. ژن وەکوو کۆیلە و خزمەتکاری پیاو سەیر کراوە، پێیان وابووە کە ژنان تەنیا دەبێ لە چوارچێوەی ماڵەوەدا کار بکەن و خاوەنی هیچ بڕیار و دەسەڵاتێکیش نەبن لە نێو خێزاندا. لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە، ژنان لە هەوڵ و کۆشش بۆ بەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانیان کۆڵیان نەداوە و لە ڕێگای گەیشتن بەو مافانەش سەدان ژن بوونەتەوە قوربانیی و پردێك بۆ ژنانی دیکە کە بتوانن لە داهاتوودا ژن وەك مرۆڤ سەیر بکرێ و لە خواستەکانی ژیان وەك ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی بڕیاردان، ئازادی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش، بەشداریکردن لە دەسەڵات و بەڕێوبەریی وڵات بێبەش نەکرێن.



# «شێعرێکی بێ نێوەرۆک و ناونیشانێکی ئالۆز»

هیوا میرزایی



سەرم لە خۆم و لە تۆیش شێواندووە
نە ئەوەیە
جانتای ئەم نیگا ئەرغەوانیەم کۆ کەمەوە و
لە پێچ و خەمی ئەم رێگا ماندووەدا
ون بم !
نە ئەوەیشە
ئێوارەیەک
لەگەڵ هەتاو ئاوا بم و نەگەرێمەوە!
پڕم لە دوردۆنگێکی شێت
تۆ بڵێی
ئەم سەفەرە ببرێتەوە؟!
خەمی قورسی ئێوارانی بەر پەنجەری چاوەڕوانی
چاوەکانم
دەنگی چرپەی بزەی لێوت
ببیسێت و
درەختی یاد گوڵی سووری
گەڕانەوەت پێشکەش بە ڕێبوارە گێلەکانی
ئەم وەرزە کات؟!



# ئالبێر کامۆ و وشە خۆشەویستەکانی لە ئازارەوە تا دایک و ...

ئەرخەوان

ئالبێر کامۆ نووسەر و بیرمەندنێك کە ناوی بە چەمکگەلێك وەك پووچی، یاخیبوون و ئێگزیستانسیالیسم گرێی خواردووە، سەدەیەك لەوە پێش لە ٧ی نوامبێری ١٩١٣ لە ئەلجەزایر لەدایك بووە، لە ٤٤ ساڵیدا خەڵاتی ئەدەبیاتی نوبێلی وەرگرت و سێ ساڵ دواتر لە ڕووداوێکی هاتووچوودا گیانی لە دەست دا. کامۆ لە ژیانی کورتیدا ڕۆمان و چیرۆك و نمایشنامە و بابەتی جۆراوجۆری نووسی و فەلسەفەی بیری کردەوە و نمایشی بەردە سەر شانۆ.

باوکی ئالبێر کامۆ کرێکارێك لە پەنابەرانی فەرانسەیی و دایکی کارەکەرێکی زۆر کەم قسە و نەخوێندوار بوو و هەموو سەردەمی منداڵی کامۆ لە گەڕەکێکی هەژارنشین تێپەڕ بوو. کامۆ لە چوار ساڵیدا و لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا باوکی خۆی لە دەست دا. دە ساڵان بوو کە یەکێك لە مامۆستاکانی لە قوتابخانە لێهاتوویەکەی دۆزیەوە و دەستی کرد بە پشتیوانی کردن لە ئەو. کامۆ لە ئەلجەزایر خوێندکاری فەلسەفە و ڕۆژنامەوانێکی تووشبوو بە سێل بوو کە هێندێکجار کاری تیاتری دەکرد.

ئەو لە ٢٧ ساڵیدا بە هۆی نووسینی ڕاپۆرتێك لە سەر هەژاریی عەرەبەکانی ئەلجەزایر ناچار کرا وڵاتەکەی بەجێ بهێڵێت و بەرەو پاریس کۆچ بکات. ماوەیەك بەسەریدا تێنەپەڕی کە لە دەزگای چاپی گالیمار بوو بە هەڵەچن و هاوکات لە ڕۆژنامەی ژێرزەوینی «کومبا» بابەتی دەنووسی و پاش کۆتایی هاتنی شەڕی سارد بوو بە سەرنووسەری ئەم ڕۆژنامەیە.

کامۆ دوو جار ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە، بەرهەمی ژیانی هاوبەشی دووهەمی کچ و کوڕێکی جمکە کە ساڵانێکە هیچ پێوەندێکیان پێکەوە نییە.

کامۆ لە یادداشتە ڕۆژانەکانیدا لە وەڵامی پرسیارێکدا ١٠ وشەی بەردڵانی خۆی دەنووسێت:

«جیهان، ئازار، خاك، دایك، مرۆڤ، کوێر، شەرەف، هەژار، هاوین و دەریا».

ئەدەبیات، خەبات، ناوبانگ، سەرکەوتوویی و ژن لەم پێرستەدا جێگایان نییە هەرچەند لانیکەم نیوەی دووهەمی ژیانی کامۆ لە فەرانسە نیشان دەدات کە ئەم چەمکانە بۆ ئەو گرینگیان هەبووە.

لە لایەکی دیکەوە زۆرێك لە ڕووناکبیرانی هاوسەردەمی، کامۆیان وەك فەیلەسووفێك بە جیددی نەدەگرت و لە بەر ڕەخنە توندەکانی بە یەکییەتی سۆڤیەت و ئیستالینیان دەشوبهاند و لە لایەکی دیکەوە خەباتکارانی سەربەخۆخوازی ئەلجەزایر بە ئەو کە دژبەری هەر جۆرە توندوتیژیەك بوو، مۆرکی داگیرکەریان دەدا.

پرسی جیددی فەلسەفە

ناوی کاتێك کەوتە سەر زمانەکان کە دوو کتێبی «بێگانە» و «ئەستوورەی سیزییەف» لە پاریسی داگیرکراو لە لایەن نازییەکانەوە بڵاو کردەوە.

ڕۆمانی «بێگانە» کە تا ئەمڕۆ پڕفرۆشترین کتێبی گیرفانی فەرانسەیە بەم شێوەیە دەسپێدەکا: «ئەمڕۆ دایکم مرد، لەوانەیە دوێنێش بووبێ» ئەم کتێبە ژیانی کورتی پیاوێکی گەنج دەگێڕێتەوە کە کاتێك هەتاو دەیدا لە چاوەکانی، تووشی قەتل دەبوو.

«ئۆستوورەی سیزییەف» کە سارتێر ڕەخنەیەکی بیست لاپەڕەیی لەسەر نووسی، بەم ڕەستەیە دەسپێدەکا: «تەنیا پرسێکی گرینگ و جیددی فەلسەفی بوونی هەیە: خۆکوژی».

«تاعوون» بەرهەمی دیکەی کامۆ باس لە یاخیبوونی مرۆڤ لە دژی چارەنووس دەکا، لە هاوینی ١٩٤٧ چاپ کرا و لە ماوەی چەند حەوتوودا سەدان هەزاری لێ فرۆشرا.

نۆ ساڵ دواتر «مرۆڤی یاخی» چاپ کرا، کامۆ لەم کتێبەدا جارێکی دیکە باس لە فەلسەفەی مێژوو دەکا و ڕەخنە لە ئیدیالیسمی ئاڵمانی و ئیستالینیسم دەگرێ. سارتێر ڕەخنەیەکی توندی لەم کتێبە گرت کە بووە هۆی ساردبوونەوە و پچڕانی پێوەندی هاوڕێیەتی و دۆستایەتی ئەو دوو کەسایەتییە.

سەرچاوە:
http://www.persianpersia.com

## ناوێزە



قادر ئەلیاسی

قادر ئەلیاسی، لە ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی لە گوندێکی دەشتی زەهاو بە ناوی «قەرەسەنی» لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتۆتە دونیا.

خوێندنی دواناوەندی تەواو نەکردبوو کە، شۆڕشی ١٣٥٧ی بە سەردا هات. بۆیە سەنگەری پێشمەرگایەتی لەگەڵ خوێندنگە و خوێندن گۆڕییەوە.

دوای ٧ ساڵ پێشمەرگایەتی (١٣٦٠-١٣٦٧) وەك پەنابەر لە ئۆردووگای ڕومادی، گیرسایەوە و لەوێ لەگەڵ کچەکوردێك بە ناوی ڕەعدە زەماوەندی کرد. ئەنجامی ئەو هاوژینییە، دوو منداڵە بە ناوەکانی تۆڵە و تەوار.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٢ وەك پەنابەر لە لایەن وڵاتی نۆروێژەوە وەرگیرا و لەو کاتەوە تا ئێستا لەوێ لەگەڵ بنەماڵەکەی ژیان بەسەر دەبا.

لە مەڕ کارە هونەرییەکانی

هەر لە منداڵییەوە بە شێوەی لاسایی کردنەوە دەستی کردووە بە گۆرانی وتن. ساڵی ١٣٥١ بە هاوکاری هونەرمەندی کۆچکردوو یەدوڵڵا ڕەحمانی چۆتە ڕادیۆکرماشان و ٣ گۆرانی فۆلکلۆر و بیستراوی تۆمارکردووە. لە چالاکی قوتابخانەکان لە شاری سەرپێڵ و لە ئاستی پارێزگای کرماشاندا، پلەی یەکەمی هێناوەتەوە و بە هاوکاری مووزیکڤانان یونس سوڵتانی و نەمر عەباس ئەسغەری لە بۆنەکانی نەورۆز و سێنزەبەدەردا گۆرانی وتووە و لە ڕادیۆ کرماشان بڵاو بۆتەوە. لە کاتی پێشمەرگایەتیدا، لە زۆربەی بۆنە حیزبی و ڕۆژە مێژووییەکاندا گۆرانی وتووە. لە کاتی شەهیدبوونی هاوڕێ پێشمەرگەکانیدا، شینگێڕ بووە.

لەو کاتەوە چۆتە دەرەوەی وڵات، کارامەتر دەستی کردووە بە چالاکی هونەری و جگە لە بەشداریی لە شەوئاهەنگە کوردییەکان و بۆنە نەتەوەییەکانی وەك نەورۆز و یادی کۆماری کوردستان و دامەزرانی حیزبە کوردستانییەکان لە زۆربەی وڵاتانی ئورووپایی و ئامریکایی، ئەم بەرهەمانەی خوارەوەی تۆمارکردووە:

١. کاسێتی «دەردی دووری»، ١٩٩٥ بە هاوکاری هونەرمەندان ڕەشیدفەیزنژاد و جاوید ئەفسەری ڕاد

٢. CD «شەڵەوخانان»، ٢٠٠٠ بە هاوکاری هونەرمەندان زاهید بریڤکانی و بژار دیلان

٣. CD « سلێمانی»، ٢٠٠١، بە هاوکاری هونەرمەند ئەردەشیر زەبەردەست

٤. CD «میلکان»، ٢٠٠٩، بە هاوکاری هونەرمەندانی گەردی میدیا

٥. جگە لە کلیپی گۆرانی «ئەرمەنی»، و «جوانڕۆ و مەقامێك»، ئێستا سەرقاڵی تەواوکردنی CD «پەرتەونامە»یە کە زۆربەی هەڵبەستەکانی ئەو بەرهەمە، لە دیوانی «کوچەباغی ها»ی «پەرتەوی کرماشانی» هەڵبژێردراوە.

٦. لە دامەزرانی تیشك تی ڤیدا، یەکێك لە بەشدارانی یەکەم کۆبوونەوەی ستاڤی ئەو دەنگو ڕەنگە بووە و بۆ ماوەی ٢ ساڵیش بەرنامەیەکی هونەری بە ناوی «زەریاو» بەڕێوە بردووە.

قادر ئەلیاسی، جگە لە بواری هونەری چەند کتێبی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و فارسی. هەروەها دەیان وتار و نووسینی لە مەڕ هونەر و کێشەی کورد هەیە. لە پاڵ ئەم چالاکییانەدا، سەرقاڵی نووسینی بیرەوەرییەکانیەتی.



# KURDISTAN

*Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan* ▪ *No: 642* ▪ *6 Dec 2014*

رۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


## مۆنالیزا دایکی داڤینچی بوو



ڕۆماننووس و مێژوونووسی ئیتاڵی «ئەنجلۆ باراتیکۆ» دەڵێ: مۆنالیزا دایکی وێنەکێشی بەناوبانگ لیۆناردۆ داڤینچی بووە، کە بەڕەچەڵەك چینییە، ئەو مێژوونووسە بانگەشەی ئەوەش دەکات کە با شیکاری «دی ئێن ئەی» یەکێك لە تەرمەکانی چەرخی سەرهەڵدان بکرێ بۆ سەلماندنی ڕاستی قسەکەی.

دوای قسەوباسێکی زۆر و توێژینەوەی جیاجیا سەبارەت بە تابلۆی بەناوبانگی مۆنالیزا، ئەم ڕۆماننوس و مێژوونوسە ئیتاڵیە پێی وایە کە ئەم تابلۆیە دەگەڕێتەوە بۆ دایکی وێنەکێش لیۆناردۆ داڤینچی بەڕەچەڵەك چینی.

ئەم مێژوونوسە ئیتاڵیە ماوەی ٢٠ساڵ توێژینەوەی کردووە لەمەڕ پێوەندی هونەری و ڕۆشنبیری نێوان ئیتاڵیا و چین، ئەو پێی وایە هاوبەشییەکی زۆری هونەری هەیە لەنێوان هەردوو وڵاتدا بەتایبەتی بۆ نیو سەدە لەسەدەی ڕابردوودا.

توێژەر باس لەوەش دەکات کە تابلۆی مۆنالیزا وێنەی دایکی داڤینچیە و ناوی «کاترینا»بووە، باس لەوەش دەکات کە پێوەندییەکی ناشەرعی لەنێوانیاندا هەبووە.

لەتوێژینەوەکەشیدا ئەوە دەردەخات کە «کاترینا» لەساڵی ١٤٥٢ ون دەبێت واتە ساڵی جەژنی لەدایکبوونی داڤینچی و هەروەها ئەوەش باس دەکات کە «کاترینا» جوتیار بووە.

باس لەوەش دەکات کە یەکێك لەهاوڕێکانی باوکی داڤینچی کە دەوڵەمەند بووە کارەکەرێکی هەبووە بەناوی «کاترینا»، لەپاش ئەوەی منداڵێکی لێ دەبێت خۆی ون دەکات، بەڵام بارتیکۆ وای دەبینێ کە بیردۆزەکەی زیگمۆند فرۆید پشتیوانی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەی دەکات، بەتایبەتی کە لەساڵی ١٩١٠ دەڵێ ڕوخساری مۆنالیزا هاوشێوەی چینیەکانی لەخۆ گرتووە.

هەروەها باراتیکۆ ئاماژەش بۆ ئەوە دەکات کە لیۆناردۆ داڤینچی هەر لەمنداڵییەوە دەستی چەپی بەکار دەهێنا بۆ نووسین لەچەپەوە بۆ ڕاست، هەروەها خۆراکی زیاتر گژوگیا بووە، ئەمەش لەنێو ئۆرووپاییەکاندا باو نییە، ئەو سوورە لەسەر گومانەکەی و شکی نییە لەوەی کە ئەگەر پشکنینی «دی ئێن ئەی» بۆ یەکێك لە تەرمەکانی ئەو سەردەمە بکرێت ڕاستیی توێژینەوەکەی بۆ هەموو لایەك دەردەکەوێت.

## چۆن دەزانی مۆبایلەکەت چاودێری دەکرێ



ئەم پرسیارە بەردەوام لە ئارادایە ئایا مۆبایل چاودێری دەکرێ؟ بەڵێ چاودێری دەکرێ بەتایبەتی لەلایەن دەزگا هەواڵگرییە نهێنییەکانەوە. بۆ وێنە لە کاتی قسە کردن و دەربڕینی وشەگەلێك وەك دزی، تیرۆر، تەقینەوە، ڕوداو، کوشتن، چەك، مادەی هۆشبەر، بۆمب، خوێن ....هتد، و چەندین وشەی دیکەی گرینگ.

دڵنیا بن لەوەیکە ئەگەر لە کاتی قسە کردن بە مۆبایلدا لە هەندێ وشە کەڵك وەربگری کە بۆ دەزگا هەواڵگرییەکان جێگەی سەرەنجن، بە بێ ئەملاو ئەولا قسەکانتان لە ئامێرە پێشکەوتووەکانی ئەو دەزگایانەدا ڕێکۆرد و تۆمار دەکرێت. و ئەو دەزگایانە دەتوانن بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ دیکە هەموو قسەکانی ئێمە لە لای خۆیان بپارێزن و سەیڤی بکەن.

*چۆن دەزانی مۆبایلەکەت لەژێر چاودێریدایە؟

١- ـ دەنگێك دەبیستی لەهەوادا لەکاتی قسەکردن، ئەو کەسەش کە قسەت لەگەڵ دەکات لەڕێگەی هێدفۆنێکەوە لەگوێیدا چاوەدێریت دەکات.

٢- ـ دەنگێکی شاراوە دەبیستی چونکوو ئەو کەسەی چاودێریت دەکات سپیکەرەکەی کردوەتەوە.

٣- ـ دەنگی ئەو کەسەی کە قسەی لەگەڵ دەکەی وەکوو ئەوە وایە لەدوورەوە قسەت بۆ بکات.

٤- ـ کاتێ قسەدەکەی بەردەوام قسەکانت دووبارە دەبنەوە و دەنگ دەداتەوە.

٥- ـ هەندێکجار گوێت لەدەنگی خەڵکی ترە.

## فەیسبووک دەتوانێت زانیاریەکانمان ببات




پێگەی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك دەتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستی بگات بە وێنە و زانیاریی هەر ئەکاونتێك بە بێ ڕەزامەندی و ئاگاداریی خاوەنەکەی.

بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی The Telegraph لێژنەی زانست و تێکنۆلۆژیای سەر بە حکومەتی بەریتانیا ئەوەیان ئاشکراکردووە کە پێگەی کۆمەڵایەتی فەیسبووك دەتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستی بگات بە وێنە و زانیاری هەر ئەکاونتێك لەو پێگەیەدا بە بێ ڕەزامەندی و ئاگاداری خاوەنەکەی.

ئەندامانی ئەو لێژنەیە ئەوەشیان ڕوونکردەوە کە مانگانە ٢٠٠ ملیۆن کەس لە سەرانسەری جیهاندا ئەپلیکەیشنی «Messanger»ی تایبەت بە فەیسبووك بەکاردێنن بەبێ ئاگاداری مەرجەکانی بەشداربوون لەم ئەپلیکەیشنە، ئەمەش واتە ئەو پێگەیە دەتوانێت وێنە لە ئەکاونتەکانەوە ببات و تەنانەت گرتەی ڤیدیۆییش دروست بکات.

یەکێك لە ئەندامانی ئەو لێژنەیە ئاشکرای کردووە کە ئەوان لە هەوڵدان لەگەڵ کۆمپانیاکانی تایبەت بە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان تاوەکوو مەرجی بەشداریکردن و دروستکردنی ئەکاونت ئاسان بکەن، بەو پێیەی کە شێوازی داڕشتنی ئەو مەرجانە زۆر ئاڵۆزن و هیچ کەسێك لێیان تێناگات.

### زایەڵە

## کۆماری ئیسلامی لە نێوان مان و نەماندا

### فاتیح ساڵحی

بە گوتەی شایەتحاڵان و شارەزایانی بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆماری ئیسلامی لە دۆخێکی زۆر نالەباردایە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش بەرەو خراپە دەڕوات. ئەگەر زۆر بە کورتی ئاوڕێك بدەینەوە لە بارودۆخی نێوخۆیی و دەرەکی ئەم ڕێژیمە زۆر بە جوانی بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژیم لە قەیرانێکی هەمە لایەنەدایە و ئەم قەیرانە هەموو تان و پۆی کۆماری ئیسلامی تەنیوەتەوە و ئەستەمە ئەم ڕێژیمە بتوانێ بەم حاڵ و ڕۆژەیەوە بەرگەی ڕووداو و قەیرانە چاوەڕواننەکراوەکانی داهاتوو بگرێ و بەم پێیە ڕووخانی ئەم دەسەڵاتە سەرەڕۆیە لە زەینی مرۆڤی کونجکۆڵدا زیاتر لە جاران وێنایەکی بەرهەست دەگرێتە خۆی.

هەرچەند کاربەدەستانی باڵای ئەم ڕێژیمە لە باتی ئەوەیکە کێشە بنەڕەتییەکانیان چارەسەر بکەن خەریکی شاردنەوەی ڕاستییەکان، سەرپۆش نانەوە، خۆدزینەوە و تاوانبار کردنی دەستی دەرەکیین بە هیچ دۆردۆنگییەك بەم شێوەیە، کۆماری ئیسلامی لە نێوان مان و نەماندا بەرەو نەمان زیاتر هەنگاو دەنێت.

هەمووان باش دەزانن کە جگە لە دەستێوەردانەکانی ئێران لە کارووبارەکانی هەندێ لە وڵاتانی بێ دەرەتانی ناوچەکە و هەنارده کردنی تیرۆر لە ژێر ئاڵای شۆڕشی ئیسلامییدا و بەشداریی لە چەن کۆڕ و کۆبوونەوەی چووکە لە ئاستی هەرێمیدا، ئەم وڵاتە لە هاوکێشە جیهانییەکاندا بە تەواوی وەپەراوێز خراوە و کێشەی ناوکی ئەم وڵاتە و پاڵپشتی کردنی لە تیرۆریزم و گرووپە تیرۆریستییەکان وای کردووە کە تەریك کەوتنەوەی ئێران لە بازنەی بڕیارە سیاسییە گرینگەکاندا لە ئاستی ناوچەکە و جیهاندا، ببێت بە خوویەکی سیاسی.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە باری ئابووریشەوە، کۆماری ئیسلامی بەردەوام خەریکی هەرەس هێنانە و ئەگەر دانووستانە ناوکییەکانی کۆماری ئیسلامی و وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئەمریکا لە چەند مانگی داهاتوودا بە ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنە و گشتگیر نەگات بەدڵنیاییەوە پاپۆڕی ئابووری ئێران یەکسەر نوقم دەبێت و ئابووری کۆماری ئیسلامی تووشی ئیفلاسێکی مەزن و قەرەبوونەکراو دەبێت. هەر ئێستا کە نرخی نەوت لە بازاڕە جیهانییەکاندا بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو دابەزیوە و بە پێی شیمانەی کارناس زیاتریش دادەبەزێ، ئابووری سست و لەرزۆکی ئێران لە هەڵدێری فەوتان و داڕماندایە و ئەمانەش وایانکردووە کە ڕێژەی گەندەڵی لە کۆماری ئیسلامییدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاد بکات و گەندەڵی دارایی و ئیختلاس ببێت بە بەشێك لە فەرهەنگی کاربەدەستانی ئێرانی.

بارودۆخی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئەم ڕێژیمە لە ژێر کاریگەریی دۆخی نالەباری ئابووری و سیاسی ئەم وڵاتەدا شایانی وەسف نییە و بە بێ هیچ دەمارگرژییەك دۆخی شپرزە و نالەباری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ئێران لە سەردەمی ئەمڕۆمدا لەگەڵ هیچ سەردەمێکی دیکەدا بۆ بەراورد کردن نابێت و پەرەسەندنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی دەیان و بگرە سەدان دیاردەی دزێو و نەرێنیی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە کۆماری ئیسلامییدا دەرخەری قووڵایی قەیرانە هەمە لایەنەکانن کە بە دڵنیاییەوە لە داهاتوویەکی نە ئەوەندە دووردا بەرۆکی کۆماری ئیسلامی دەگرن و داهاتووی ڕێژیم و کاربەدەستانی ڕێژیم لە دۆخی نێوان مان و نەماندا یەکلای و ڕوون دەکەنەوە.